# ڕێزمانی کوردی

# پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی

**تێبینی و سەرنج**

**مامۆستای بابەت: سەباح مەجید**

**ئامادەیی شەهید فاخیر مێرگەسۆریی نموونەیی**

sabah majid

**2013–2012**

**تێبینی: تایبەتە بە قوتابییانی شەهید فاخیر مێرگەسۆریی و بۆ بازرگانی پێوەکردن نییە.**

**وانەی یەکەم:**

**(کار بەپێی ناوەرۆك) چوار شێوازی هەیە:**

## <u>یەکەم: شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن</u>

**شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن:** ئەو ڕێژەیەی کارە کە ڕاستەوخۆ ئەنجامی هەواڵ دەدات بە کەسێك یان شتێك و شك و گومانی تێدا نییە..گومانی تێدا نییە کە کارەکە ڕوویداوە یان ڕووینەداوە، ڕوودەدات یان ڕوونادات.

شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن

لە ڕابردوو (4) ڕێژەی هەیە:

**یەکەم: ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن.**
**دووەم: ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن.**
**سێیەم: ڕێژەی ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن.**
**چوارەم: ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن.**

لە ڕانەبردوو (1) ڕێژەی هەیە:

**ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن.**

sabah majid

<u>یەکەم: ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن.</u>

یاساکەی: چاووگ — ن= ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن. نموونە:

بردن—ن= برد            هەڵکردن—ن= هەڵکرد            لەناوچوون—ن=لەناوچوو

ژماردنەوە—ن=ژماردەوە            هێنانەوە—ن= هێنا ەوە (هێنایــــەوە)، دوو پیتی بزوێن لەدوای یەکتر نایەن، بۆیە (ی) لەنێوان (ا) و (ەوە) بەکارهێنراوە.

<u>دووەم: ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن.</u>

یاساکەی: ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + (وە، ووە)= ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن.

**تێبینی:** نیشانەی (وە) بۆ چاووگە (ا،وو،ی) بەکاردێت، بەڵام نیشانەی (ووە) بۆ چاوگی (د،ت) بەکاردێت. نموونە: سووتا+ وە= سووتاوە            کڕی + وە= کڕیوە

چوو+وە= چووە ( واو–ێك لادەچێت، چونكە 3 واو لە زمانی كوردی لەدوای یەك نایەت).

برد+ ووە= بردووە گرت+ ووە= گرتووە

**<u>گرنگ</u>: ئەو چاووگانەی كە پاشگری (ەوە)یان پێوەیە بەمشێوەیە دەكرێن بە رابردووی تەواوی راگەیاندن:**

1– (ن)ی چاووگ لادەدەین. نموونە: (خوێندنەوە–ن)= خوێند ەوە

2– نیشانەی (وە،ووە) دەخەینە شوێنی (ن)ە لادراوەكە. خوێند ووە ەوە

3– ناوبەندی (ت) دەخەینە نێوان (وە،ووە) و (ەوە). خوێندووە ت ەوە = (خوێندووەتەوە)

**بۆ ئاسانكاری خۆت**: دەتوانیت ئەم یاسایە بۆ ئاسانكاری خۆت بەمشێوەیە بەكاربێنیت:

(رێژەی رابردووی تەواو + تەوە) نموونە: خوێندووە+تەوە=خوێندووەتەوە.

هێناوە+تەوە=هێناوەتەوە. بردووە+تەوە=بردووەتەوە.

**<u>تێبینی</u>**: لە كرمانجی ژووروودا لەجیاتی نیشانەی (وە) نیشانەی(یە) بەكاردێت و لەجیاتی نیشانەی (ووە)ش نیشانەی (ییە) بەكاردێت، **(یە)** بۆ چاووگی (ا،وو،ی) بەكاردێت و **(ییە)** بۆ چاووگی (د،ت) بەكاردێت. وەك (وە، ووە)ی كرمانجی خواروو وایە و جیاوازی نییە.نموونە:

**هێناوە** دەبێتە **هێنایە**. **هاتووە** دەبێتە **هاتییە**.

<u>سێیەم: رێژەی رابردووی دووری راگەیاندن.</u>

یاساكەی: رابردووی نزیكی راگەیاندن + بوو= رێژەی رابردووی دووری راگەیاندن. نموونە:

خەوت + بوو= خەوتبوو دانیشت+ بوو= دانیشتبوو چارەسەركرد+ بوو= چارەسەركردبوو

**<u>گرنگ</u>: ئەو چاووگانەی كە پاشگری (ەوە)یان پێوەیە بەمشێوەیە رابردووی دووری راگەیاندنیان لێ دروست دەكرێت:**

1– (ن)ی چاووگ لادەدەین. نموونە: دۆزینەوە–ن= دۆزی ەوە

2– نیشانەی (بوو) دەخەینە شوێنی (ن)ە لادراوەكە. دۆزی بوو ەوە

3– ناوبەندی (و) دەخەینە نێوان (بوو) و (ەوە). دۆزی بوو و ەوە = (دۆزیبووەوە).

سەیری (دۆزی بوو و ەوە) بكە: (و)ێكمان لاداوە، چونكە لە زمانی كوردی سێ (3) واو لەدوای یەكتر نایەن. بۆیە بۆتە (**دۆزی بووەوە**).

**بۆ ئاسانكاری خۆت**: دەتوانیت ئەم یاسایە بۆ ئاسانكاری خۆت بەمشێوەیە بەكاربێنیت:

(رێژەی رابردووی دوور + ەوە) نموونە: خەوت بوو+ ەوە= خەوت بووەوە.

sabah majid

دانیشت بوو+ ەوە=دانیشت بووەوە.      چارەسەرکردبوو+ ەوە=چارەسەرکردبووەوە.

چوارەم: ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن.

یاساکەی: نیشانەی (دە)+ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن= ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن.

نموونە: دە + هات= دەهات      دە+ فڕی=دەفڕی      دە+ کرد=دەکرد      دە+ برد= دەبرد

**تێبینی**: ئەگەر کار (داڕژاو یان لێکدراو) بێت ئەوە نیشانەی (دە) دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کار.

نموونە:

ڕاکێشا:   ڕا + دە+ کێشا= ڕادەکێشا      لەناوبرد:   لەناو+ دە+ برد

**سەیر بکە** لەمانە (دە) کەوتۆتە دوای بەشی یەکەمی کار. دوای (**ڕا**) و (**لەناو**) بەشی یەکەمی کارن.

**ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن**

یاساکەی: نیشانەی (دە) + ڕەگی کار + جێناوی لکاو (کۆمەڵەی سێیەم :م–ین، یت–ن، ات/ێت–ن).

بۆ نموونە دەگوترێ لە چاوگی (خواردن، خوێندن) ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن دروست بکە، بەمشێوەیە دروستی دەکەین:

(خواردن): دە + خۆ + م = دەخۆم.

(خوێندن): دە + خوێن + م = دەخوێنم

**ئەگەر** کاری (داڕژاو و لێکدراو)مان هەبێت ئەوە نیشانەی (دە) دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کار.

نموونە: (وەرگرتن):      وەر + دە + گر + م= وەردەگرم

(دروستکردن):   دروست + دە + کە + م= دروست دەکەم

**تێبینی**: لە هەندێك شێوەزاری کوردیدا لە (ڕابردووی بەردەوام) و (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن) لەجیاتی نیشانەی (**دە**) نیشانەی (**ئە**) بەکاردێت و ئاساییە. نموونە: دەچوو (ئەچوو).    دەبەم (ئەبەم).

**ئاگادار بە: هەموو ڕێژەکانی ڕابردوو (نزیك، دوور، تەواو، بەردەوام) بە بکەردیار و نادیارەوە، بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێن، بەڵام (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن) بە بکەردیار و نادیارەوە، بە ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێت.**

**نموونە بۆ ڕێژەکانی ڕابردوو: هات (نەهات)    هاتبوو (نەهاتبوو)   هاتووە (نەهاتووە)**
**دەهات (نەدەهات)**

**نموونە بۆ ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن: دەچم (ناچم)  هەڵدەچم (هەڵناچم)**
**لەناودەچم  (لەناوناچم)**

**پرسیار:** ئەگەر (کاری کارا نادیار) هەبوو چۆن هەموو ڕێژەکانی شێوازی ڕاگەیاندنی لێ دروست دەکەیت؟ وەڵامەکەت لەسەر کاری (خوێنرا) جێبەجێ بکە...

**وەڵام:** بەمشێوەیە:

**خوێنرا** (ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن)

**خوێنرابوو** (ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن)

**خوێنراوە** (ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن)

**دەخوێنرا** (ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن)

**دەخوێنرێ** (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)

**بەبیرهێنانەوە:** چۆن کاری کارا نادیار دروست دەکرێت؟

**وەڵام:** بەمشێوەیە:

ڕەگ + ڕا = کاری کارا نادیار (بۆ ڕابردوو)

خوێن + ڕا= **خوێنرا**

دە + ڕەگی کار + ڕێ = کاری کارا نادیار (بۆ ڕانەبردوو)

دە+ خوێن+ڕێ= **دەخوێنرێ**

**تێبینی سەرپێیی:** ئەگەر لە ڕستەیەکدا بینیت کار نیشانەی (ڕا) یان (ڕێ)ی پێوەبوو ئەوە بزانە کە کاری کارا نادیارت هەیە، ئەگەر کارا نادیاریشت هەبێت دەبێ بنچینەی ڕستەکەت (جێگری کارا) بێت. واتە: هەر کاتێك کاری کارا نادیارت هەبوو ئەوە سووڕ بزانە کە (جێگری کارا)ت هەیە.

نموونە: گوێدرێژەکە ڕفێنرا (بۆ ڕابردوو)

گوێدرێژەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، جێگری کارایە.

ڕفێنرا: کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، کاری کارا نادیارە.

نموونە: گوێدرێژەکە دەڕفێنرێ (بۆ ڕانەبردوو)

گوێدرێژەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە، جێگری کارایە.

دەڕفێنرێ: کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە، کاری کارا نادیارە.

sabah majid

**خۆت خەریك بکە:** دەتوانیت هەموو ڕێژەکانی شێوازی ڕاگەیاندن بە (ئەرێ و نەرێ و کاراناديار)ەوە لە چاووگی (خواردن) دروست بکەیت؟

بەڵێ، بەمشێوەیە:

شێوازی ڕاگەیاندن

ڕابردوو

ڕانەبردوو

| | ئەرێ | نەرێ | کاراناديار |
|---|---|---|---|
| **نزیك** | خوارد | نەخوارد | خورا |
| **تەواو** | خواردووە | نەخواردووە | خوراوە |
| **دوور** | خواردبوو | نەخواردبوو | خورابوو |
| **بەردەوام** | دەخوارد | نەدەخوارد | دەخورا |

| ئەرێ | نەرێ | کاراناديار |
|---|---|---|
| دەخۆم | ناخۆم | دەخورێ |

sabah majid

**ئەگەر کاری ناتەواومان هەبوو بەمشێوەیە ڕێژەکەی دیاری دەکەین**

(ە): ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە بۆ کاتی ئێستا، کاری ناتەواوە.

(بوو): ڕێژەی ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنە، کاری ناتەواوە.

(دەبێت): ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە بۆ کاتی داهاتوو، کاری ناتەواوە.

**خۆلێڕاهێنان:** لە چاووگی (بوون) هەموو ڕێژەکانی شێوازی ڕاگەیاندن دروست بکە.

وەڵام:

**بۆ ڕابردوو**

| | |
|---|---|
| نزیك | بوو |
| تەواو | بووە |
| دوور | بووبوو |
| بەردەوام | دەبوو |

**بۆ ڕانەبردوو :** دەبم

**وانەی دووەم:**

## دووەم: شێوازی ڕێژەی دانانی

**شێوازی ڕێژەی دانانی:** ئەو ڕێژەیەی کارە کە ئەنجامی ئەو هەواڵەی دەیدات بەدەست کەسێك یان شتێك ڕاستەوخۆ نایدات بەدەستەوە، بەڵکو لەشێوەی (گومان، ئارەوو، ئاوات، پاڕانەوە..) دەردەکەوێت.

شێوازی ڕێژەی دانانی

لە ڕابردوو (3) ڕێژەی هەیە:

**یەکەم: ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی.**
**دووەم: ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی.**
**سێیەم: ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی.**

لە ڕانەبردوو (1) ڕێژەی هەیە

**ڕیژەی ڕانەبردووی دانانی**

sabah majid

یەکەم: ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی:

یاساکەی: ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + با= ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی

نموونە: خوارد+با= خواردبا دانیشت+با= دانیشتبا لەناوچوو+با= لەناوچووبا

دووەم: ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی:

یاساکەی: ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + بێت= ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی

نموونە: خوارد+بێت= خواردبێت دانیشت+بێت= دانیشتبێت لەناوچوو+بێت= لەناوچووبێت

سێیەم: ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی:

یاساکەی: ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن+ با= ڕێژەی ڕابردووی دووری دانانی

نموونە: خواردبوو+با= خواردبووبا دانیشتبوو+با=دانیشتبووبا لەناوچووبوو+با= لەناوچووبووبا

**ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی**

یاساکەی: ب+ڕەگی کار+ جێناوی لکاو (جێناوی لکاو (کۆمەڵەی سێیەم :م–ین، یت–ن، ات/ێت–ن).

خواردن (خۆ= ڕەگی کار)          ب+ خۆ+م= بخۆم

ڕۆیشتن (ڕۆ= ڕەگی کار)          ب+ڕۆ+م= بڕۆم

**تێبینی:** ئەگەر کار داڕژاو و لێکدراو بێت ئەوە نیشانەی (ب) دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کار، وەك ئەم دوو نموونەیەی خوارەوە:

نموونە بۆ داڕژاو: دانیشتن (دا نیش= ڕەگی کار)

دا+ب+نیش+م= دابنیشم

نموونە بۆ لێکدراو: لەناوچوون (لەناو چ= ڕەگی کار)

لەناو+ب+چ+م= لەناوبچم

**تێبینی:** لە دەمی ڕانەبردوو ئەگەر کارمان (**داڕژاو یان لێکدراو**) بوو ئەوە دەتوانین نیشانەی (**ب**) لابدەین، چونکە کارەکە واتای تێکناچێت. نموونە:

**هەڵبخەم–هەڵخەم**          **هەڵبکەم– هەڵکەم**          دروست بکەم– دروست کەم

**تێبینی: لە شێوازی دانانی (ڕێژەی ڕابردووی بەردەوام)مان نییە.**

**نەرێ کردنی (شێوازی دانانی)**

کار لە شێوازی دانانی (ڕابردووبێت یان ڕانەبردوو) بەهۆی (نە) نەرێ دەکرێت، بەمشێوەیە:

أ–ئەگەر کارەکە (**سادە**) بێت ( **جا ڕابردووی تێپەڕ بێت یان ڕابردووی تێنەپەڕ**) ئەوە ئامرازی نەرێی (نە) **دەکەوێتە سەرەتای کار**. نموونە:

خواردبا– نەخواردبا     خواردبێت– نەخواردبێت     خواردبووبا– نەخواردبوویا

ب–**بەڵام** ئەگەر کارەکە (**داڕژاو و لێکدراو**) بێت (**جا کارەکە ڕابردوو بێت یان ڕانەبردوو، تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ**) ئەوە ئامرازی نەرێی (**نە**) **دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کار**. نموونە:

دانیشتبا– دا نەنیشتبا     سەرکەوتبا – سەر نەکەوتبا     ڕا بهێنم – ڕا نەهێنم

**تێبینی:** ئەگەر کارمان **ڕانەبردوو( سادە–داڕژاو–لێکدراو)** بێت، ئەوە (**نە**) **دەچێتە شوێنی (ب).**

نموونە:

بخۆم – نەخۆم     ڕابکەم– ڕانەکەم     لەناوبچم–لەناونەچم.

sabah majid

**تێبینی**: هەندێك جار بۆ (ڕێژەی رابردووی نزیکی دانانی) لەسەرەتاوە نیشانەی (ب) بەکاردێت، بەمشێوەیە (**بخوێندبا، بخوێندایە، بخوێندبایە**).. ئەمەش هەر (ڕێژەی رابردووی دانانی)یە، بۆیە **ئاگادار بە لەگەڵ (ڕێژەی رانەبردووی دانانی) لێت تێکەڵ نەبێت**، چونکە ئەویش (ب)ی لەپێشە، وەك ئەم نموونانە: **بخۆم، بکەم، ببەم، بفرم**...هتد.

**گرنگ**: جیاوازی نێوان (شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن) و (شێوازی ڕێژەی دانانی) چییە؟

| | **شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن** | **شێوازی ڕێژەی دانانی** |
|---|---|---|
| 1 | شێوازی ڕێژەی ڕاگەیاندن: ئەو ڕێژەیەی کارە کە ڕاستەوخۆ ئەنجامی هەواڵ دەدات بە کەسێك یان شتێك و شك و گومانی تێدا نییە..گومانی تێدا نییە کە کارەکە ڕوویداوە یان ڕوودەدات. | شێوازی ڕێژەی دانانی: ئەو ڕێژەیەی کارە کە ئەنجامی ئەو هەواڵەی دەیدات بەدەست کەسێك یان شتێك ڕاستەوخۆ نایدات بەدەستەوە، بەڵکو لەشێوەی (گومان، ئارەوو، ئاوات، پاڕانەوە..) دەردەکەوێت. |
| 2 | ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بە نیشانەی (دە) دەست پێدەکات. | بەڵام ڕانەبردووی دانانی بە نیشانەی (ب) دەست پێدەکات. |
| 3 | ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بە (نا) نەرێ دەکرێت. | بەڵام ڕانەبردووی دانانی بە (نە) نەرێ دەکرێت. |
| 4 | ڕابردووی ڕاگەیاندن چوار ڕێژەی هەیە (نزیك، تەواو، دوور، بەردەوام). | بەڵام ڕابردووی دانانی سێ ڕێژەی هەیە (نزیك، تەواو، دوور). |

sabah majid

**خۆڵێڕاهێنان**: لە چاوگی (بوون) هەموو ڕێژەکانی شێوازی **ڕاگەیاندن** و **دانانی** دروست بکە؟

**یەکەم: ڕاگەیاندن/**

1-نزیك: **بوو** 2-تەواو: **بووە** 3- دوور: **بووبوو** 4- بەردەوام: **دەبوو**

ڕانەبردووی ڕاگەیاندن: **دەبم**

**دووەم: دانانی/**

1-نزیك: **بووبا** 2-تەواو: **بووبێت** 3-دوور: **بووبووبا**

ڕانەبردووی دانانی: **ببم**

له شێوازی دانانی هەندێك وشەی وەك (ڕەنگە، لەوانەیە، خۆزگە، بریا، کاشکێ..هتد) یان هەندێك کاری یاریدەدەری وەك (دەبوو،دەبێت، دەبووایە) بەکاردێن و ئەمانەش واتای (گومان، ئارەزوو، ئاوات، پێویستی، پاڕانەوە) دەدەن بەدەستەوە. سەیری ئەم خشتەیە بکە:

| وشە | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| **بریا** | وشەیەکە بۆ (ئاوات و ئارەزوو) بەکاردێت. بریا چووبام بۆ زاخۆ. |
| **خۆزگە** | وشەیەکە بۆ (ئاوات و ئارەزوو) بەکاردێت. خۆزگە نەچووبام بۆ زاخۆ. |
| **کاشکێ** | وشەیەکە بۆ (ئاوات و ئارەزوو) بەکاردێت. کاشکێ چووبام بۆ زاخۆ. |
| **ڕەنگە** | وشەیەکە بۆ (شك و گومان) بەکاردێت. ڕەنگە بەیەکەم دەربچم. |
| **لەوانەیە** | وشەیەکە بۆ (شك و گومان) بەکاردێت. لەوانەیە بەیەکەم دەرنەچم. |
| **خودایە (خوایە)** | وشەیەکە بۆ (نزا و پاڕانەوە) بەکاردیت. خودایە سەرکەوتووم بکەیت. |

(کارە یاریدەدەرەکان)یش لە شێوازی دانانی بەکاردێن و هەریەکەیان بۆ مەبەستێك بەکاردێن، سەیری ئەم خشتەیەی خوارەوە بکە:

| کاری یاریدەدەر | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| **دەبێت**<br>**دەبوو**<br>**دەبووایە**<br>**دەبێ** | کاری یاریدەدەرە بۆ (پێویستی) بەکاردێت. نموونە:<br>دەبێت وانەکەم بخوێنم. |
| **دەمەوێ**<br>**دەمەوێت** | کاری یاریدەدەرە بۆ (ویستن) بەکاردێت. نموونە:<br>دەمەوێ کتێبخانەیەك دابنێم. |
| **دەوێرم**<br>**دەتوانم** | کاری یاریدەدەرە بۆ (وێران و توانین) بەکاردێت.<br>دەوێرم لە ڕووبارەکە بپەڕمەوە. |

پرسیار: (با، بێت، بووبا، ب) لە شێوازی دانانیدا چین؟

وەڵام: نیشانەن.

sabah majid

**(زیادە زانیاری): لە شێوازی دانانی کار چۆن دەکرێت بە (کارا نادیار)؟**

وەڵام:

أ–ئەگەر رابردوو بوو ئەوە بەهۆی نیشانەی (را): نموونە

| بۆ رابردووی سادە | بۆ رابردووی داڕژاو | بۆ رابردووی لێکدراو |
|---|---|---|
| خوێندبا– خوێنرابا | هەڵکردبا– هەڵکرابا | دروست کردبا– دروست کرابا |
| خوێندبێت– خوێنرابێت | هەڵکردبێت– هەڵکرابێت | دروست کردبێت– دروست کرابێت |
| خوێندبووبا– خوێنرابووبا | هەڵکردبووبا– هەڵکرابووبا | دروست کردبووبا– دروست کرابووبا |

ب–ئەگەر کارەکە رانەبردوو بوو ئەوە بەهۆی نیشانەی (رێ) دەکرێ بە کارا نادیار، بەمشێوەیە:

**ب+رەگی کار+ نیشانەی (رێ)**، نموونە:

ب+خوێن+رێ= بخوێنرێ (سادە)

هەڵ+ب+کە+رێ= هەڵبکرێ (داڕژاو)

دروست+ب+کە+رێ= دروست بکرێ (لێکدراو)

sabah majid

**وانەی سێیەم:**

## ڕێژەی کار

**ڕێژەی کار:** ئەو شێوەیەیە کە کار بەپێی دەم (کات) و کەس و ژمارەی کەس لەگەردانکردندا (پۆلێنکردندا) وەریدەگرێت.

سەیری خوارەوە بکە:

| کار | دەم=کات | کەس | ژمارەی کەس | |
|---|---|---|---|---|
| | | | تاک | کۆ |
| برد | رابردوو | 1 | بردم | بردمان |
| | | 2 | بردت | بردتان |
| | | 3 | بردی | بردیان |

لەناو خشتەکە سەیری (بردم ، بردت ، بردی ، بردمان ، بردتان ، بردیان) بکە، ئەم شێوە جیاجیایانە پێیان دەگوترێت ڕێژەی کار.

**پرسیار: هەر کارێك چەند ڕێژەی هەیە؟ بەنموونەوە بیخەڕوو..**

**وەڵام:** کار شەش (6) ڕێژەی هەیە. نموونە: (خواردم، خواردت، خواردی، خواردمان، خواردتان، خواردیان).

**لە ڕێژەی کاردا سێ (3) کۆمەڵە جێناوی لکاو لە گەڵ کار بەکاردێن و (دەبنە کارا) کە ئەمانەن:**

| کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم | کۆمەڵەی سێیەم |
|---|---|---|
| م    مان<br>ت    تان<br>ی    یان | م    ین<br>یت    ن<br>¢    ن | م    ین<br>یت    ن<br>(ات — ێت)    ن |
| لەگەڵ کاری (رابردووی تێپەڕ) بەکاردێت | لەگەڵ کاری (رابردووی تێنەپەڕ) بەکاردێت | لەگەڵ کاری رانەبردوو(تێپەڕ و تێنەپەڕ) بەکاردێت |

sabah majid

## کۆمەڵەی یەکەم (م– مان، ت–تان، ی–یان)

## لەگەڵ کاری (رابردووی تێپەڕ)

## بەکاردێت

### رابردووی تێپەڕ (سادە) :

| | |
|---|---|
| 1– | لەگەڵ کاری رابردووی نزیك و دووری راگەیاندن جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەچنە کۆتایی کار.<br>نموونە بۆ رابردووی نزیك:<br>هێنام هێنامان<br>هێنات هێناتان<br>هێنای هێنایان<br>نموونە بۆ رابردووی دوور:<br>هێنابووم هێنابوومان<br>هێنابووت هێنابووتان<br>هێنابووی هێنابوویان |
| 2– | لەگەڵ کاری رابردووی بەردەوامی راگەیاندن جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەچنە دوای نیشانەی (دە)،<br>نموونە:<br>دەم هێنا دەمان هێنا<br>دەت هێنا دەتان هێنا<br>دەی هێنا دەیان هێنا |
| 3– | لەگەڵ کاری رابردووی تەواوی راگەیاندن جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەچنە نێوان نیشانەی (وە، ووە). نموونە:<br>هێناومە هێناومانە<br>هێناوتە هێناوتانە<br>هێناویە (هێناویەتی) هێناویانە |

### رابردووی تێپەڕ (داڕژاو و لێکدراو)

لەگەڵ کاری رابردووی تێپەڕ (بەڵام داڕژاو و لێکدراو) ئەوە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەچنە دوای بەشی یەکەمی کار، ئەمەش بۆ هەموو رێژەکان (واتە: بۆ رابردووی نزیك و دوور و بەردەوام و تەواو)..لە هەموویان جێناوی لکاو دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کار،

نموونە بۆ کاری داڕژاو:

دام خست دامان خست
دات خست داتان خست
دای خست دایان خست

نموونە بۆ کاری لێکدراو:

چارەسەرم کرد چارەسەرمان کرد
چارەسەرت کرد چارەسەرتان کرد
چارەسەری کرد چارەسەریان کرد

sabah majid

**تێبینی:** ئەگەر کاری ( رابردووی تێپەڕی سادە) بکەین بە (نەرێ) ئەوە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم لە (دەوری کارا) دەچنە دوای (ئامرازی نەرێ)، نموونە:

نەم هێنا     (رابردووی نزیك)

نەم دەهێنا  (رابردووی بەردەوام)

نەم هێنابوو  (رابردووی دوور)

نەم هێناوە  (رابردووی تەواو)

**تێبینی:** لە کرمانجی ژوورووی لەجیاتی جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم لە دەوری کارا (جێناوە سەربەخۆیەکان) بەکاردێن و دەبن بە کارا، نموونە:

من هنارد          مە هنارد

تە هنارد          وە هنارد

(وی– وێ) هنارد    وان هنارد

sabah majid

## کۆمەڵەی دووەم (م–ین، یت– ن، ¢- ن)

## لەگەڵ کاری (رابردووی تێ نەپەڕ) بەکاردێت

**گرنگ**: ئەم کۆمەڵەیە (ك2) لەگەڵ کاری رابردووی تێ نەپەڕ بەکاردێن و دەچنە کۆتایی کار، جا کارەکە (سادە یان دارِژاو یان لێکدراو) بێت. **تەنها لەگەڵ کاری (رابردووی تەواوی راگەیاندن) دەچنە نێوان نیشانەی (وە، ووە)،** ئەگەرنا لەوانی تر جێناوە لکاوەکانی (ك2) دەچنە کۆتایی کار، نموونە:

سادە:

| رابردووی نزیکی راگەیاندن: | | رابردووی بەردەوامی راگەیاندن: | | رابردووی دووری راگەیاندن: | |
|---|---|---|---|---|---|
| هاتم | هاتین | دەهاتم | دەهاتین | هاتبووم | هاتبووین |
| هاتیت | هاتن | دەهاتیت | دەهاتن | هاتبوویت | هاتبوون |
| هات ¢ | هاتن | دەهات ¢ | دەهاتن | هاتبوو ¢ | هاتبوون |

دارِژاو و لێکدراو:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دانیشتم | دانیشتین | **دارِژاو** | تەواوبووم | تەواوبووین | **لێکدراو** |
| دانیشتیت | دانیشتن | | تەواوبوویت | تەواوبوون | |
| دانیشت¢ | دانیشتن | | تەواوبوو ¢ | تەواوبوون | |

سەیر بکە تەنها لەگەڵ (**رابردووی تەواوی ڕاگەیاندن**) (ك2) دەچنە نێوان نیشانەی (وە، ووە):

| | | | |
|---|---|---|---|
| رۆیشتوومە | رۆیشتووینە | هاتوومە | هاتووینە |
| رۆیشتوویتە | رۆیشتوونە | هاتوویتە | هاتوونە |
| رۆیشتوو∅ە | رۆیشتوونە | هاتوو∅ە | هاتوونە |

**تێبینی** هەندێك جار لە شێوەزاری سلێمانی (ە)ی (وە، ووە) لادەبرێت و نانووسرێت و بەمشێوەیەی لێدێت:

| | | | |
|---|---|---|---|
| رۆیشتووم | رۆیشتووین | هاتووم | هاتووین |
| رۆیشتوویت | رۆیشتوون | هاتوویت | هاتوون |
| رۆیشتوو∅ە | رۆیشتوون | هاتوو∅ە | هاتوون |

**تێبینی**: ئەگەر کاری رابردووی تێ نەپەڕ، **بکرێت بە (نەرێ)** شوێنی جێناوە لکاوەکانی (ك2) لە دەوری کارا هەروەك خۆیان دەمێننەوە و گۆڕانیان بەسەردا نایەت. نموونە:

نەڕۆیشتم نەدەڕۆیشتین نەرۆیشتبوویت نەرۆیشتوونە دانەنیشت∅ تەواونەبوون

**کۆمەڵەی سێیەم: (م–ین، یت–ن، (ات،ێت)– ن)**

**لەگەڵ کاری رانەبردووی (تێپەڕ و تێ نەپەڕ) بەکاردێت.**

**گرنگ**: جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی سێیەم لەگەڵ کاری رانەبردوو (تێپەڕ و تێ نەپەڕ) دەبنە کارا و هەمیشە دەچنە کۆتایی کار، جا کارەکە (سادە یان داڕژاو یان لێکدراو) بێت. نموونە بۆ **سادە**:

| دەهێنم (تێپەڕ) | | دەڕۆم (تێ نەپەڕ) | |
|---|---|---|---|
| دەهێنم | دەهێنین | دەڕۆم | دەڕۆین |
| دەهێنیت | دەهێنن | دەڕۆیت | دەڕۆن |
| دەهێنێت | دەهێنن | دەڕوات | دەڕۆن |

نموونە بۆ **داڕژاو و لێکدراو**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەڵدەچم | هەڵدەچین | | لەناودەچم | لەناودەچین | |
| هەڵدەچیت | هەڵدەچن | **داڕژاو** | لەناودەچیت | لەناودەچن | **لێکدراو** |
| هەڵدەچێت | هەڵدەچن | | لەناودەچێت | لەناودەچن | |

sabah majid

**تێبینی زۆر گرنگ:** ئەگەر (ڕەگی کار) کۆتایی بە بزوێنی (ە، ۆ) هاتبێت ئەوە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە (ك3) لە دەوری کارا (ات) دەبێت، **بەڵام** ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە بزوێنی (ە،ۆ) نەهاتبوو ئەوە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە (ك3) لە دەوری کارا (ێت) دەبێت. **نموونە:**

| کۆتایی ڕەگی کار= ۆ | کۆتایی ڕەگی کار= ە | کۆتایی ڕەگی کار (ە،ۆ) نەبێت |
|---|---|---|
| دەشۆم (شۆ= ڕەگی کار): | دەکەم (کە= ڕەگی کار): | دەخوێنم (خوێن=ڕەگی کار): |
| دەشۆم دەشۆین | دەکەم دەکەین | دەخوێنم دەخوێنین |
| دەشۆیت دەشۆن | دەکەیت دەکەن | دەخوێنیت دەخوێنن |
| **دەشوات** دەشۆن | **دەکات** دەکەن | **دەخوێنێت** دەخوێنن |

**تێبینی:** ئەگەر کاری ڕانەبردوو (بە تێپەڕ و تێنەپەڕەوە) بکرێت بە (نەرێ) ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و هەروەك پێشوو جێناوەکانی (ك3) هەمیشە دەکەونە کۆتایی کار.

نموونە:

ناکەم ناشۆم تەواونابم

ناکەیت ناشۆیت تەواونابیت

**ناکات ناشوات تەواونابێت**

**تێبینی:** لە کرمانجی ژووروو نیشانەی (دە)ی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بەمشێوەیە بەکاردێت:

د: بۆ کاتی ئێستا (دچم)

دێ: بۆ کاتی داهاتوو (دێ چم).

sabah majid

## (زیادە زانیاری): جێناوە لکاوەکان لە شێوازی دانانی

وەك شێوازی راگەیاندن هەر سێ کۆمەڵە جێناوە لکاوەکە لەشێوازی دانانی بەکاردێن و (ئەرکی کارا) دەبینن، بەمشێوەیە:

1-(ك1) لە لەگەڵ کاری رابردووی تێپەڕی سادە، لە هەموو رێژەکانی (نزیك و تەواو و دوور) دەچنە کۆتایی کار، بەڵام لەگەڵ کاری (رابردووی تێپەڕی داڕژاو و لێکدراو) (ك1) لە هەموو رێژەکانی (نزیك و تەواو و دوور) دەچنە دوای بەشی یەکەمی کار. **نموونە بۆ سادە:**

| رابردووی نزیکی دانانی | | رابردووی تەواوی دانانی | | رابردووی دووری دانانی | |
|---|---|---|---|---|---|
| خواردبام | خواردبامان | خواردبێتم | خواردبێتمان | خواردبووبام | خواردبووبامان |
| خواردبات | خواردباتان | خواردبێتت | خواردبێتتان | خواردبووبات | خواردبووباتان |
| خواردبای | خواردبایان | خواردبێتی | خواردبێتیان | خواردبووبای | خواردبووبایان |

**نموونە بۆ داڕژاو و لێکدراو**

| **داڕژاو** | | **لێکدراو** | |
|---|---|---|---|
| هەڵم بژاردبا | هەڵمان بژاردبا | فێرم کردبا | فێرمان کردبا |
| هەڵت بژاردبا | هەڵتان بژاردبا | فێرت کردبا | فێرتان کردبا |
| هەڵی بژاردبا | هەڵیان بژاردبا | فێری کردبا | فێریان کردبا |

2- (ك2) لەگەڵ کاری (رابردووی تێ نەپەڕ) بە (سادە و داڕژاو و لێکدراو)ەوە لە هەموو رێژەکانی (نزیك و تەواو و دوور) دەچنە کۆتایی کار. نموونە:

| رابردووی نزیکی دانانی | | رابردووی تەواوی دانانی | | رابردووی دووری دانانی | |
|---|---|---|---|---|---|
| هاتبام | هاتباین | هاتبێتم | هاتبێتین | هاتبووبام | هاتبووبامان |
| هاتبایت | هاتبان | هاتبێتیت | هاتبێتـن | هاتبووبایت | هاتبووبان |
| هاتبا¢ | هاتبان | هاتبێت¢ | هاتبێتـن | هاتبووبا¢ | هاتبووبان |

| **داڕژاو** | | **لێکدراو** | |
|---|---|---|---|
| دانیشتبووبام | دانیشتبووباین | سەرکەوتبێتم | سەرکەوتبێتین |
| دانیشتبووبایت | دانیشتبووبان | سەرکەوتبێتیت | سەرکەوتبێتـن |
| دانیشتبووبا¢ | دانیشتبووبان | سەرکەوتبێت¢ | سەرکەوتبێتـن |

3-(ك3) لەگەڵ (کاری رانەبردووی تێپەڕ و تێ نەپەڕ) دەچنە کۆتایی کار، (جا کارەکە سادە، داڕژاو، لێکدراو بێت). نموونە:

| | سادە | داڕژاو | لێکدراو |
|---|---|---|---|
| تێپەڕ | بخوێنم | هەڵبکەم | تەواوبکەم |
| تێنەپەڕ | بڕۆم | دابنیشم | سەربکەوم |

sabah majid

**وانەی چوارەم:**

## سێیەم: شێوازی ڕێژەی داخوازی

ئەو ڕێژەیەی کارە کە تیایدا کەسی قسەکەر (کەسی یەکەم) داوا لە کەسی گوێگر (کەسی دووەم) دەکات کارێك ئەنجام بدات یان ئەنجامی نەدا. نموونە:

**تێبینی:**
**(ە): بۆ دووەمی تاك**
**(ن): بۆ دووەمی کۆ**

**یاساکەی: ڕێژەی داخوازی بەمشێوەیە دروست دەکرێت:**

نیشانەی (ب) + ڕەگی کار+ جێناوی لکاو (ە،ن)

نموونە: ب+نووس+ە= بنووسە

ب+بنووس+ن= بنووسن

**زۆر گرنگ: ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ی، ێ، ۆ، وو، ە) هات ئەوە جێناوی لکاوی (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك دەرناکەوێت**، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو پیتی بزوێن لەدوای یەکتری نایەن. نموونە:

بژی¢ بڵێ¢ برۆ¢ بنوو¢ بگە¢

**بەڵام ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هات ئەوە جێناوی (ە) دەردەکەوێت**. نموونە:

بکرە بنووسە بخوێنە

**تێبینی**: لەگەڵ کاری (داڕژاو و لێکدراو) نیشانەی (ب) **دەکەوێتە دوای بەشی یەکەمی کار،** هەروەها دەگونجێ و دەتوانین لەکاتی قسەکردن و تەنانەت لەکاتی نووسینیش لایبدەین. نموونە:

دابخە داخە (داڕژاو)

سەربکەوە سەرکەوە (لێکدراو)

### کاری داخوازی لە باری نەرێ دا

کاری داخوازی بە ئامرازی (**مە**) و (**نە**) نەرێ دەکرێت، بەڵام بەزۆری (**مە**) بەکاردێت و شوێنی (**ب**) دەگرێتەوە. نموونە:

| ساده | | داڕژاو | | لێکدراو | |
|---|---|---|---|---|---|
| بنووسە | مەنووسە | رابکە | رامەکە | دەست هەڵبگرە | دەست هەڵمەگرە |
| بنووسن | مەنووسن | رابکەن | رامەکەن | دەست هەڵبگرن | دەست هەڵمەگرن |

**تێبینی**: ئەگەر کاری داخوازی **کۆتایی بە پاشگری (ەوە) هات** و کارەکەش درابووە پاڵ کەسی دووەمی تاك ئەوا لە (شێوەزاری سلێمانی) ناوبەندی (ڕ) **دەخرێتە نێوان جێناوی لکاوی (ە) و پاشگری (ەوە)**، ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

sabah majid

أ-چونکە لە زمانی کوردی دوو پیتی بزوێن لەدوای یەکتری نایەن.

ب-بەهۆی ناوبەندی (ڕ) لەسەر زمان سووك و خۆشتر دەبێت.

نموونە:

بهێنە ڕ ەوە (بهێنەڕەوە)

بنووسە ڕ ەوە (بنووسەڕەوە)

بخۆ ڕ ەوە (بخۆڕەوە)

بچۆ ڕ ەوە (بچۆڕەوە)

**(زیادە زانیاری): ئەگەر ئەمانە بزانیت خراپ نییە:**

1- رەگی کاری چاوگی (هاتن) بریتییە لە (هێ) و لە بنچینەشدا بریتییە لە (ێ) و بەپێی دەستوور بەمشێوەیە کاری داخوازی لێ دروست دەکرێت:

ب+ێ+ە=بێ بۆ کەسی دووەمی تاك

ب+ێ+ن =بێن بۆ کەسی دووەمی کۆ

بەلاّم لە قسەکردندا بەکارنایەت و ئەمەی خوارەوە بەکاردەهێنرێت

**(وەرە)** بۆ کەسی دووەمی تاك **(وەرن)** بۆ کەسی دووەمی کۆ

بەلاّم لە باری (نەرێ) دەگەڕێتەوە سەر دەستوورەکەی خۆی:

مە+ێ+ە = مەیێ (مەیە) بۆ کەسی دووەمی تاك

مە+ێ+ن = مەیێن (مەیەن) بۆ کەسی دووەمی کۆ

2- رەگی کاری چاوگی (چوون) بریتییە لە (چ)، بەلاّم لە کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاك لە دەستوور لادەدات، وەك: ب+چ+ە= بچۆ (ە- دەرنەکەوتووە...).

بەلاّم بۆ کەسی دووەمی کۆ بەپێی دەستوور و کێشەمان نییە، نموونە: ب+چ+ن= بچن

3-رەگی کاری چاوگی (ویستن) بریتییە لە (وێ) بەلاّم لە دەستوور لادەدات، نموونە:

ب+وێ+ە= بتەوێ (مەتەوێ- نەتەوێ)

ب+وێ+ن= بتانەوێ (مەتانەوێ- نەتانەوێ)

**سەرنج: سەیربکە لێرەدا لەجیاتی (ە-ن) هەردوو جێناوی (ت-تان) بەکارهاتووە، بۆیە شازە!**

4-لە کوردستانی باکوور لە هەندێك ناوچە چاووگی (وەرین) و (هەرین) بەکاردێت و بەمشێوەیە کاری داخوازییان لێ دروست دەکرێت:

**وەرین** رەگەکەی دەبێتە **(وەرە)** **هەرین** رەگەکەی دەبێتە **(هەرە)**

saban majid

**پرسیار: کاری داخوازی لەم چاووگانە دروست بکە**

(ژیان، کردن، خواردن، نووستن، گوتن، دان)

**وەڵام:**

ژیان: ب+ژی+ە= بژی ¢

کردن: ب+کە+ە= بکە ¢

خواردن: ب+خۆ+ە= بخۆ ¢

نووستن: ب+نوو+ە= بنوو ¢

گوتن: ب+ڵێ+ە= بڵێ ¢

دان: ب+دە+ە = بدە ¢

پێمخۆشە وەڵامی ئەم **پرسیارە** بدەیتەوە (**جیاوازی نێوان ئەم دوو کارە چییە کە هێڵیان لەژێرە؟**)

1- کراسە جوانەکە بکڕن 2- دەبێت کراسە جوانەکە بکڕن.

**وەڵام**: لە رستەی یەکەم (بکڕن) کاری داخوازییە، **بەڵام** لە هی دووەم (بکڕن) کاری رانەبردووی دانانی یە.

sabah majid

**وانەی پێنجەم:**

## چوارەم: شێوازی مەرجی

## رستەی ئاوێتەی مەرج

**پێناسەکەی:** ئەگەر لە رستەدا روودانی کارێك مەرج بێت بۆ روودانی کارێکی تر، ئەوە بەم کارە (بە رێژە و ناوەرۆکەکەیەوە) دەگوترێت : **رستەی ئاوێتەی مەرج**.

نموونە: (ئەگەر بخوێنم، سەردەکەوم).

بخوێنم: دانانییە

سەردەکەوم: راگەیاندنە

لەرووی ناوەرۆکەوە هەردوو کارەکە بۆ مەبەستی مەرج بەکارهاتوون، چونکە روودانی کاری یەکەم مەرجە بۆ روودانی کاری دووەم. واتە: ئەگەر کەسەکە (نەخوێنێت) ئەوە هەرگیز (سەرکەوتوو) نابێت و سەرکەوتن نایەتەکایەوە.

رستەی مەرج ئاوێتەیە، بۆیە پێی دەگوترێت (**رستەی ئاوێتەی مەرج**).. رستەی ئاوێتەش ئاشکرایە کە دەبێ **لە دوو رستەی سادە** پێکهاتبێت.

**رستەی ئاوێتەی مەرج لە دوو بەش پێك دێت:**

أ-پارستە:

ب-شارستە

**پارستە**: پێی دەگوترێت (**رستەی کاری مەرج**) چونکە کاری مەرجی تێدایە. کاری مەرجیش یان (**راگەیاندنە**) یان (**دانانییە**).

کە زەنگەکە لێدرا، قوتابییان هاتنە دەرەوە. (لێدرا: کاری مەرجە، راگەیاندنە)

ئەگەر بخوێنم، سەردەکەوم. (بخوێنم: کاری مەرجە، دانانییە)

**شارستە**: پێی دەگوترێت (**رستەی وەڵامی مەرج**)، چونکە وەڵامی مەرجی تێدایە، وەڵامی مەرجیش یان (**راگەیاندنە**) یان (**داخوازییە**).

کە زەنگەکە لێدرا، قوتابییان هاتنە دەرەوە. (هاتن: وەڵامی مەرجە، راگەیاندنە).

ئەگەر چوویت بۆ شەقڵاوە، شاتووم بۆ بهێنە. (بهێنە: وەڵامی مەرجە، داخوازییە)

**رستەی ئاوێتەی مەرج لە دوو بەش پێك دێت:**

**پاڕستە**

پێی دەگوترێت (**رستەی کاری مەرج**)،

چونکە کاری مەرجی تێدایە.

کار ی مەرجیش=**راگەیاندن** یا **دانانی**

**شاڕستە**

پێی دەگوترێت (**رستەی وەڵامی مەرج**)،

چونکە وەڵامی مەرجی تێدایە

وەڵامی مەرجیش=**راگەیاندن** یا **داخوازی**

**تێبینی**: ئامرازی لێکدەر لە رستەی ئاوێتەی مەرج پێی دەگوترێت (ئامرازی لێکدەری مەرج) و ئەم ئامرازانەش زۆربەی جار دەکەونە سەرەتای پاڕستە. ئەمانەش گرنگترین ئامرازی لێکدەری مەرجن: (کە، کەی، تا، هەتا، هەتاکو، ئەگەر، گەر، مەگەر، ئەگەرنا، بەڵکو، بەشکو، دەنا_ ئەگینا، هەکە.....هتد).

ئەگەر هەر یەکێك لەم ئامرازانەت بینی ئەوە بزانە کە (پاڕستە)ت بینیوە. واتە: ئەو ئامرازانە لە هەر بەشێکی رستە بوون، بزانە ئەو بەشە (پاڕستە)یە.

**ئایا مەرجە (پاڕستە) هەمیشە لە سەرەتای (رستەی مەرج)دا بێت؟**

**وەڵام**: لە رستەی ئاوێتەی مەرجدا (پاڕستە) بەزۆری لە سەرەتاوە دێت و پێش شارستە دەکەوێت، بەڵام جار و باریش پارستە لە دوای شارستە دێت.. نموونە:

کە بەهار هات، دەچین بۆ سەیران. (کە بەهار هات: پاڕستەیە و لە سەرەتا هاتووە)

دەچین بۆ سەیران، کە بەهار هات. (کە بەهار هات: پاڕستەیە و لە دوای شارستە هاتووە.)

هەردووکیان راستن، چونکە واتای رستەکە تێك ناچێت و واتایەکی تەواو دەدات بەدەستەوە.

ئەمەش نموونەیەکی دیکەیە:

ئەگەر باش بخوێنین، سەردەکەوین.

سەردەکەوین، ئەگەر باش بخوێنین.

sabah majid

**<u>پرسیاری گرنگ</u>: ئایا لە رستەی شێوازی مەرجیدا کار رێژەی تایبەتی خۆی هەیە؟ بە نموونەوە روونی بکەرەوە؟**

**وەڵام: لە شێوازی مەرجیدا، (کار) رێژەی تایبەتی خۆی نییە، بەڵکو هەر ئەو رێژانەن کە لە شێوازی (راگەیاندن، دانانی، داخوازی) بەکاردەهێنرێن، بەلأم لێرەدا بۆ مەبەستی بنچینەیی خۆیان بەکارناهێنرێن، بەڵکو بۆ مەبەستی (مەرج) بەکاردەهێنرێن. نموونە: (ئەگەر یەکبگرین، سەردەکەوین). یان (کەی چوویت بۆ بازاڕ، جووتێك پێڵاوم بۆ بکڕە).**

**پرسیار: لە چاوگی (بوون) ئەمانە دروست بکە:**

1- رێژەی کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاك.

2- هەر بەو رێژەیەی کە دروستی دەکەیت، رستەیەکی ئاوێتەی مەرجی دروست بکە.

**وەڵام:**

1- ب+ب+ە= <u>ببە</u>

2- ئەگەر لەگەڵمان هاتیت، <u>ببە</u> بە براگەورەمان.

sabah majid

**وانەی شەشەم:**

## کاری چاووگی (بوون)

له‌ چاووگی (بوون) کاری  ته‌واو و ناته‌واو دروست ده‌کرێت:




sabah majid

**له‌ چاووگی (بوون) کاری  ته‌واو و ناته‌واو دروست ده‌کرێت:**

<u>**یه‌که‌م/ کاری ته‌واو:**</u> له‌ چاووگی (بوون) کاری (ته‌واوی تێپه‌ڕ) و ( ته‌واوی تێنه‌په‌ڕ) دروست ده‌کرێت:

<u>1–ته‌واوی تێپه‌ڕ:</u>

أ–ئه‌گه‌ر به‌مانای (**خاوه‌ندارێتی–تملك**) بێت ئه‌وه‌ کاره‌که‌ ده‌بێته‌ (**کاری ته‌واوی تێپه‌ڕ**).

نموونه‌:   من خانووم <u>هه‌بوو</u> (<u>هه‌مبوو</u>).      ئێمه‌ خاتوومان <u>هه‌بوو</u> (<u>هه‌مانبوو</u>).

من خانووم هەیە (هەمە)                                   ئێوە خانووتان هەیە (هەتانە).

ئەو خانووی دەبێت (دەیبێت)                              ئەوان خانوویان دەبێت (دەیانبێت).

ئەوانەی هێڵیان لەژێرە هەموویان (کاری تەواوی تێپەڕن)

ب–ئەگەر بە مانای (**منداڵبوون– الولادة**) بێت ئەوە کارەکە دەبێتە (**کاری تەواوی تێپەڕ**).

نموونە: نازەنین منداڵی بوو (بووی)

نازەنین منداڵی دەبێت (دەیبێت)

نازەنین کوڕێکی بوو (بووی)

نازەنین جمکێکی دەبێت! (دەیبێت)

ئەوانەی هێڵیان لەژێرە هەموویان (کاری تەواوی تێپەڕن)

2–تەواوی تێنەپەڕ:

أ–ئەگەر بەمانای (**بوون– وجود**) بێت ئەوە کارەکە دەبێتە (**کاری تەواوی تێنەپەڕ**). نموونە: من هەبووم . ئێمە هەبووین. تۆ هەبوویت. ئێوە هەبوون. ئەو هەبوو. ئەوان هەبوون.

من هەم. ئێمە هەین. تۆ هەیت. ئێوە هەن. ئەو هەیە. ئەوان هەن.

من دەبم. ئێمە دەبین. تۆ دەبیت. ئێوە دەبن. ئەو دەبێت. ئەوان دەبن.

ئەوانەی هێڵیان لەژێرە هەموویان (کاری تەواوی تێنەپەڕن)

**ب–ئەگەر (بوو) بەشداری لە دروستکردنی کاری (داڕژاو و لێکدراو) بکات** ئەوە دەبێتە (**کاری تەواوی تێنەپەڕ**):

**یەکەم: بەشداریکردن لە کاری داڕژاو:** (بوو) بە **یارمەتی ئەم پێشگرانە (هەڵ، را، پێ، دەر)** کاری داڕژاو دروست دەکات و دەبێتە کاری تەواوی تێ نەپەڕ. نموونە:

هەڵ+بوو= هەڵبوو (ئاگرەکە هەڵبوو) (هەڵبوو: کاری تەواوی تێنەپەڕە)

را+بوو= رابوو (زاری لە خەو رابوو) (رابوو: کاری تەواوی تێنەپەڕە)

پێ+بوو= پێبوو (گڵۆپەکە پێبوو) (پێبوو: کاری تەواوی تێنەپەڕە)

دەر+بوو= دەربوو (برینەکە دەربوو) (دەربوو: کاری تەواوی تێنەپەڕە)

**تێبینی: دەتوانین لەجیاتی (بوو)، (دەبێت) بەکاربهێنین، بەڵام ناتوانین (ە) بەکاربهێنین، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا واتای کارەکە تێکدەدات و هەندێك جاریش (ە) دەبێتە کاری ناتەواو. نموونە:**

هەڵ+دەبێت= هەڵدەبێت (ئاگرەکە هەڵدەبێت) (هەڵدەبێت: کاری تەواوی تێنەپەڕە)

sabah majid

را+ دەبێت = رادەبێت (زاریّ لە خەو رادەبێت) (رادەبێت: کاری تەواوی تێنەپەڕە)

پیّ+ دەبێت = پێدەبێت (گڵۆپەکە پێدەبێت) (پێدەبێت: کاری تەواوی تێنەپەڕە)

دەر+ دەبێت = دەردەبێت (برینەکە دەردەبێت) (دەردەبێت: کاری تەواوی تێنەپەڕە)

**بزانە کە (ە) بەکاردێنین چییان بەسەردادێت:**

**هەڵ+ە= هەڵە** (هەڵەیە، چونکە واتای تێکچووە).

را+ە= رایــە (هەڵەیە، چونکە واتای تێکچووە).

پیّ+ە= پێیــــە (گڵۆپەکە پێیە) (پێیە: واتای هەیە، بەڵام کاری تەواو نییە، بەڵکو کاری ناتەواوە).

دەر+ە= دەرە ((هەڵەیە، چونکە واتای تێکچووە).

<u>**دووەم**</u>: **بەشداریکردن لە کاری لێکدراو**: (بوو) بەیارمەتی چەند وشەیەکی تر بەشداری لە دروستکردنی کاری لێکدراو دەکات..ئەمەش کاتێك وشەکان ببن بەواتا بۆ چاووگی (بوون). وشەکانیش بەزۆری ئەمانەن: (**تەواو، سووڕ، لێڵ، چارەسەر، تێر، لەدایك، شین، نقوم، وشك**..هتد). نموونە:

تەواو+بوو= تەواو بوو (کوڕەکە تەواو بوو) (تەواو بوو: کاری تەواوی تێنەپەڕە)

سووڕ+بوو=سووڕبوو (سووڕبووم لەسەر مافەکانم) (سووڕبووم: کاری تەواوی تێنەپەڕ)

لێڵ+ بوو= لێڵ بوو (ئاوەکە لێڵ بوو) (لێڵ بوو: کاری تەواوی تێنەپەڕ)

چارەسەر+بوو= چارەسەربوو ( دوێنیّ چارەسەربووم) (چارەسەربووم: کاری تەواوی تێنەپەڕ)

تێر+بوو= تێربوو (ئێستا تێربووم) (تێربووم: کاری تەواوی تێنەپەڕ)

شین+بوو= شین بوو (نەمامەکە شین بوو) (شین بوو: کاری تەواوی تێنەپەڕ)

نقوم+بوو= نقوم بوو (کەشتییەکە نقوم بوو) (نقوم بوو: کاری تەواوی تێنەپەڕ)

لەدایك+بوو= لەدایك بوو (منداڵەکە لەدایك بوو) (لەدایك بوو: کاری تەواوی تێنەپەڕ)

وشك+بوو= وشکبوو (دارەکە وشکبوو) (وشکبوو: کاری تەواوی تێنەپەڕە).

**ئاگادار بە: ئاگاداری ئەم رستەیە بە: (منداڵەکە لەدایك بوو).**

**لەم رستەدا هەرچەندە (منداڵ بوون– الولادة) هەیە، بەڵام کاری (لەدایك بوو) بەیەکەوە (کارێکی لێکدراوی تێنەپەڕە) چونکە (بەرکار)مان لە رستەکەدا نییە. کەواتە کارەکە تێنەپەڕە.** ئەمە وشەی (لەدایکبوونە) نەك بەمانای لەدایکبوون هاتبێت! بۆیە ئاگاداربە.

**تێبینی: دەتوانین لەجیاتی (بوو)، (دەبێت) بەکاربهێنین، بەڵام ناتوانین (ە) بەکاربهێنین، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەبێتە کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا و هەندێك جاریش واتای کارەکە تێك دەچێت. نموونە:**

| نموونه بۆ (ە) کە هەڵەیە، چونکە کاری ناتەواوی دروستکردووە یان واتای کارەکەی تێکداوە | نموونە بۆ (دەبێت) کە راستە و کاری تەواوی تێنەپەڕی دروستکردووە |
|---|---|
| سوور+ە=سوورە (ە–کاری ناتەواوە). | سوور+دەبێت=سووردەبێت |
| لێڵ+ ە = لێڵە (ە–کاری ناتەواوە). | لێڵ+ دەبێت = لێڵ دەبێت |
| چارەسەر+ ە = چارەسەرە (ە–کاری ناتەواوە). | چارەسەر+ دەبێت = چارەسەردەبێت |
| تێر+ ە = تێرە (ە–کاری ناتەواوە). | تێر+ دەبێت = تێردەبێت |
| شین+ ە = شینە (ە–کاری ناتەواوە). | شین+ دەبێت = شین دەبێت |
| نقوم+ ە = نقومە (ە–کاری ناتەواوە). | نقوم+ دەبێت = نقوم دەبێت |
| لەدایك+ ە= لەدایکە (واتای کارەکە تێکچووە). | لەدایك+ دەبێت = لەدایك دەبێت |
| وشك+ ە = وشکە (ە–کاری ناتەواوە). | وشك+ دەبێت = وشك دەبێت |

saban majid

**دووەم/ کاری ناتەواو**: لە چاووگی (بوون) کاری ناتەواو دروست دەکرێت، بەپێی کات دەکرێت بە سێ کار:

1–(**ە**): کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا . نموونە: کاوە زیرەکە.

2–(**بوو**): کاری ناتەواوە بۆ کاتی رابردوو. نموونە: کاوە زیرەك بوو.

3–(**دەبێت**): کاری ناتەواوە بۆ کاتی داهاتوو. نموونە: کاوە زیرەك دەبێت.

**کاری ناتەواو بەم ئامرازانە نەرێ دەکرێت:**

1– (**نی**) بۆ نەرێ کردنی کاتی **ئێستا**. نموونە: کاوە زیرەکە (ئەرێ) کاوە زیرەك نی یە (نەرێ)

2– (**نە**) بۆ نەرێ کردنی کاتی **رابردوو**. نموونە: کاوە زیرەك بوو (ئەرێ) کاوە زیرەك نەبوو (نەرێ)

3–(**نا**) بۆ نەرێ کردنی کاتی **داهاتوو**. نموونە: کاوە زیرەك دەبێت (ئەرێ) کاوە زیرەك نابێت (نەرێ)

**تێبینی (کاری ناتەواو) لەڕووی کاریگەرییەوە (تێنەپەڕە)، هەروەها جێناوە لکاوەکانی ك2 وەردەگرێت. نموونە:**

بووم بە پزیشك بووین بە پزیشك

بوویت بە پزیشك بوون بە پزیشك

بوو بە پزیشك بوون بە پزیشك

**پرسیاری زۆر گرنگ: کەی کاری ناتەواوی (ە) بۆ کاتی ئێستا لە رستەدا دەرناکەوێت؟**

**وەڵام:** کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا (ە) دەرناکەوێت ئەگەر جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم (م–ین، یت–ن، ¢–ن) دیارو ئاشکرابن. واتە: کارەکە بکەوێتە نێوان وشەکە و جێناوە کەسییە لکاوەکان.

نموونە:

کوردم (کورد ¢ م)　　کوردین (کورد ¢ ین)

کوردیت (کورد ¢ یت)　　کوردن (کورد ¢ ن)

کوردە ( کوردە ¢)　　کوردن (کورد ¢ ن)

**تێبینی: هەرچەندە لە کتێبدا نییە، بەڵام** دەشتوانین بڵێین: کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا دەرناکەوێت **ئەگەر نیهادی رستە لە تاکەوە بکرێت بە کۆ.** نموونە:

پیاوەکە باشە.　　پیاوەکان باشن. (باش ¢ ن)

باخچەکە جوانە.　　باخچەکان جوانن. (جوان ¢ ن)

**تێبینی:** کاری ناتەواو لەسەر شێوازی (راگەیاندن، دانانی، داخوازی) دێت: نموونە

**راگەیاندن:** (بوو، دەبوو، بووە، بووبوو= رابردوو)　(دەبێت= رانەبردوو)

**دانانی:** (بووبا، بووبێت، بووبووبا= رابردوو)　(ببێت= رانەبردوو)

**داخوازی:** (ببە، ببن)

**ئەوەش بزانە: کاری کارا نادیار لەو کارانە دروست ناکرێت کە لە چاووگی (بوون) وەردەگیرێن.**

**گرنگ:** زۆرجار ئەو کارەی کە لە چاووگی (بوون) دروستدەکرێت وەکو (کاری یاریدەدەر) بەکاردێت، ئەمەش لە شێوازی دانانی..ئەم کارە یاریدەدەرانەش هەمیشە دەکەونە پێش کارە سەرەکییەکان و بۆ دەرخستنی هەندێك لایەنی رێزمانی بەرکاردێن. نموونە:

دەبوو چووبام بۆ دهۆك.　　(دەبوو: کاری یاریدەدەرە).

دەبێت ئەمساڵ نمرەیەکی بەرز بهێنم.　　(دەبێت: کاری یاریدەدەرە).

**سەرنج لەسەر کاری ناتەواو:**

ئەگەر (بوو، ە، دەبێت) نەیانتوانی بە تەنها واتای رستەیەك تەواو بکەن و پێویستییان بە وشەیەکی دیکە یان بەشێکی دیکە هەبوو، ئەوکاتە بەو کارانە دەگوترێت: (کاری ناتەواو).نموونە:

شێرۆ زیرەکە.　　شێرۆ زیرەك بوو.　　شێرۆ زیرەك دەبێت.

لەم رستانە (ە–بوو–دەبێت) کاری ناتەواون، چونکە بەتەنها نەیانتوانیوە واتای رستەکە تەواوبکەن و پێویستیان بە تەواوکەرێك هەبووە.

sabah majid

**<u>زۆر گرنك:</u>** کاری ناتەواو، بۆیە پێی دەگوترێت ناتەواو چونکە ناتەواوە و پێویستی بە تەواوکەر هەیە، جا ئەو وشەیەی کە تەواوی دەکات پێی دەگوترێت (**تەواوکەری کاری ناتەواو**). کاری ناتەواو **بەم وشانە (ناو، جێناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار، چاووگ) تەواو دەکرێت**، تەواوکردنەکەش **بەم دوو شێوەیە** دەبێت: **<u>یەکەم</u>: تەواوکەری راستەوخۆ** **<u>دووەم</u>: تەواوکەری بەیاریدە**

| | **ناو** | **جێناو** | **هاوەڵناو** | **هاوەڵکار (کاتی– شوێنی)** | **چاووگ** |
|---|---|---|---|---|---|
| **راستەوخۆ** | شوان پزیشکە | ئەندازیارەکە من بووم. | هەورامان خۆش بوو. | سەیرانەکە بەیانییە. سەیرانەکە لە شەقلاوە بوو. | مەبەستی مامۆستا فێرکردنە. |
| **بەیاریدە** | شوان بوو بە پزیشك | کۆڕەکە بۆ ئەو بوو. | – **نی یە** | – **نی یە** | سەرکەوتن بە تێکۆشانە. |

**چەند جۆرە هاوەڵکار دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو؟**

**<u>وەلآم</u>:** تەنها دوو جۆر کە ئەمانەن:

1–**هاوەڵکاری کاتی**: (شەڕەکە <u>پار</u> ناپێرار بوو)

2–**هاوەڵکاری شوێنی**: (منداڵەکە <u>لەسەر بانــە</u>)

**پرسیار: چەند جۆرە (وشە) دەبنە تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو؟**

<u>وەلآم</u>: سیٚ کە ئەمانەن:

1–**ناو**: نامەکە <u>بۆ ئازادە</u>. (**ئازاد**: تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە)

2–**جێناو**: نامەکە <u>بۆ منــ</u>ـە. (**من**: تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە)

3–**چاووگ**: سەرکەوتن <u>بە یەکگرتنــ</u>ـە. (**یەکگرتن**: تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە)

**پرسیار: (ناو و جێناو و چاووگ) بە چەند شێوە دەبن بە تەواوکەری کاری ناتەواو و (هاوەڵناو و هاوەڵکار)یش بە چەند شێوە دەبن بە تەواوکەری کاری ناتەواو؟**

<u>وەلآم</u>: (ناو و جێناو و چاووگ) بە شێوەی (**تەواوکەری راستەوخۆ و تەواوکەری بەیاریدە**) دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو، بەلآم (**هاوەڵناو و هاوەڵکار**) تەنها بە شێوەی (**تەواوکەری راستەوخۆ**) دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو و بەشێوەی تەواوکەری بەیاریدە بەکارنایەن.

sabah majid

**ئەم پرسیارە زۆر جار هاتۆتەوە (چەند جۆرە جێناو دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو؟ بە نموونەوە روونی بکەرەوە)**

وەڵام: ئەم جۆرە جێناوانە دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو:

1-**جێناوی کەسی سەبەخۆ** (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان). نموونە:

پیاوە چاکەکە ئەو بوو.        دیارییەکە بۆ ئەوان بوو.

2-**جێناوی خۆیی**: (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان). نموونە:

پیاوە چاکەکە خۆت بوویت.     دیارییەکە بۆ خۆتان بوو.

3-**جێناوی پرس**: (کێ، کام، کامە، چی، چەند...هتد). نموونە:

پیاوە چاکەکە کێ بوو؟      دیارییەکە بۆ کێ بوو؟

4-**جێناوی نادیار**: (کەس، فلان، کابرا، هین، فیسار...هتد). نموونە:

پیاوە چاکەکە فلانە.      دیارییەکە بۆ فلانە.

5-**جێناوی نیشانە**: (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە...هتد). نموونە:

پیاوە چاکەکە ئەمە بوو.       دیارییەکە بۆ ئەوە بوو.

**تێبینی**: **(جێناوی لکاو، جێناوی هەیی)** بە تەنیا نابنە تەواوکەری کاری ناتەواو، بەڵکو لەگەڵ وشەیەکی تر دەبن بە **(گرێ)** و ئەوسا **بەیەکەوە دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو**. نموونە:

دیارییەکە **هی ئەو** بوو.

لێرەدا **(هی)** لەگەڵ **(ئەو)** کە لە بنچینەدا **(ی)**ی ئامرازی دانەپاڵیان لە نێواندایە **(هیی ئەو)**، بەیەکەوە دەبنە **(گرێی ناوی)** و ئەوسا دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو، بەمشێوەش شیدەکرێتەوە:

**هی ئەو: گرێی ناوییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.**

سەیری ئەم رستەیەش بکە: **(کۆچەر برامە)**. لێرەدا کە دەڵێ: **(برام)** واتە **(برای من)**، دیسان **(برای من)** هەمووی بەیەکەوە دەبێتە **(گرێی ناوی)** و **دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو** و بەمشێوەیەش شیدەکرێتەوە: **برام: گرێی ناوییە، تەواوکەری کاری ناتەواوە.**

saban majid

**وانەی حەوتەم:**

## ئەرکەکانی بزوێنی (ە) لە ڕێزمانی کوردیدا

**ئەم بزوێنە لە زمانی کوردیدا (10) ئەرك دەبینێت، یاخود دەتوانین بڵێین (10) جۆرە، وەك لە خوارەوە دەردەکەوێت:**

1-**دەبێتە کاری ناتەواو**، ئەگەر کاری سەرەکی لە ڕستەدا نەبوو. واتە: خۆی بەتەنیا لە ڕستەدا بوو.

نموونە: ئەو بەڕێزە.

2-لە کاری داخوازی **دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەم تاك و ئەرکی کارا دەبینێت**. نموونە: داڕشتنەکە بنووسە.

**تێبینی**: لە کاری داخوازی، **(ە)ی جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك دەرناکەوێت** ئەگەر (ڕەگی کاری داخوازی) **کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێت**. نموونە:

(**بڕۆ ¢**) بۆ قوتابخانە. لە دوای (**بڕۆ**) جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك (**ە**) هەیە کە ئەرکی کارایە، **بەڵام دەرنەکەوتووە، چونکە ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێنی (ۆ) هاتووە.**

3-لە هەندێ شێوەزاری کرمانجی ژووروودا **دەبێتە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك و لەگەڵ کاری ڕانەبردوو دێت**. نموونە: هێژا دەرسێ دنڤیسە. (هێژا دەرس دەنووسێت)

نازێ دکەڤە. (نازێ دەکەوێت)

4-**دەبێتە ئامرازی پەیوەندی لەجیاتی (بۆ، بە، لە) بەکاردێت** و بە کۆتایی کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی دەلکێت. نموونە:

دانا هاتە قوتابخانە. (دانا هات بۆ قوتابخانە)

هاوتا دەبێتە پارێزەر. (هاوتا دەبێت بە پارێزەر)

منداڵەکە بەردی گرتە چۆلەکەکە. (منداڵەکە بەردی گرت لە چۆلەکەکە) = (منداڵەکە بەردی لە چۆلەکەکە گرت).

5-**لە دوای ناو دێت و دەبێتە ئامرازی بانگکردن** کە بۆ مەبەستی بانگکردن یان ئاگادارکردنەوە (هاندان) بەکاردێت و بەزۆریش کاری ڕستەکە داخوازی دەبێت. نموونە: کوڕە بخوێنە، تا پاشەڕۆژت ڕووناك بێت. (بخوێنە، داخوازییە)

**هەروەها** هەندێك جار دەگونجێت کاری ڕستەکە ڕابردوو یان ڕانەبردوو بێت . وەك:

باوکە، ئەوە ڕۆیشتم بۆ بازاڕ. (ڕۆیشتم: ڕابردووە)

دایکە، دیارییەکت بۆ دەهێنم. (دەهێنم: ڕانەبردووە)

6–**وەکو پاشگر بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی وشەی نوێ**. نموونە:

چاك+ە= چاکە (ناوی واتایی)

سەد+ە=سەدە (ناوی واتایی)

سەوز+ە= سەوزە (ناو)

دەست+ە= دەستە (ناو)

7–**دەبێتە ئامرازی ناسین (ناسراوی)** کە کورتکراوەی (ەکە)یە. نموونە:

دزە گیرا. (دزە= دزەکە)

پیاوە خۆی کرد بە ژووردا. (پیاوە= پیاوەکە)

ژنە رەدوو کەوت. (ژنە= ژنەکە)

8–**دەبێتە (ئامرازی لێکدەر)** لە نێوان دوو وشەدا بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو. نموونە:

گوڵ+ە+باخ= گوڵەباخ پیر+ە+ژن= پیرەژن ڕەش+ە+با=ڕەشەبا

9–لەگەڵ هەندێ چاووگ **دەبێتە پاشگر بۆ دروستکردنی (هاوەڵناوی کراوی داڕژاو)**. نموونە:

کرد+ە= کردە

خوارد+ە= خواردە

برد+ە= بردە

10–**دەبێتە ئامرازی دانەپاڵ (خستەسەر) و گرێی ناوی دروستدەکات، ئەمەش کاتێك لەدوای ناوێك دێت کە ناسراو بێت و بە هاوەڵناوێك دیارخرابێت** (واتە: دیارخرابێ بێت بە هاوەڵناو). لێرەدا (ە) لەنێوان ناوە دیارخراوەکە و هاوەڵناوەکە دێت. نموونە:

مەڕە لاوازەکە پیاوە باشەکە کوڕە باشەکە کچە خاتوونەکە

**تێبینی لەسەر خاڵی (10): هەندێك جار (ە)ی ئامرازی دانەپاڵ دەرناکەوێت**. بۆ زیاتر زانیاری سەیری بابەتی (**ئەرکی هاوەڵناو لە ڕستەدا وەکو دیارخەری ناو**) بکە. لەوێ هەموو شتێك لەمبارەوە ڕوونکراوەتەوە.

sabah majid

**وانەی هەشتەم:**

## ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان

### 1–وەکو (بکەر)

**تێبینی:** جێناوی لکاو لە دەوری کارا هەر جێناوی لکاوی ڕێژەی کارە لە (بابەتی ڕێژەی کار)، بەڵام بە دوو بابەتی جیا باسی کراون و جیاوازییەکی زۆر کەمیان هەیە کە لەم بابەتەدا ڕوونی دەکەینەوە.
جێناوە لکاوەکان لە ڕستەدا دەوری کارا (بکەر) دەبینن، بەمشێوەیە:

**یەکەم–لە دەمی ڕابردوودا:**

لەگەڵ (کاری تێپەڕ) جێناوە لکاوەکانی **ک1** ( م–مان، ت–تان– ی–یان) و لەگەڵ (کاری تێنەپەڕ)یش جێناوە لکاوەکانی **ک2** (م–ین، یت–ن ¢ – یان) لە دەورەی کارا بە سێ شێوە بەکاردێن:

أ– **ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێت و بەرکار باسکرا بێت** ئەوا جێناوە لکاوەکانی **ک1** لە دەوری کارا **دەچنە دوای بەرکار** (جا کارەکە **سادە** بێت یان **داڕێژاو** بێت یان **لێکدراو** بێت). نموونە:

وانەکەمان خوێند. (سادە)
پەنجەرەکەتان داخست. (داڕێژاو)
نەمامەکەیان ئاودا. (لێکدراو)

ب– **کاتێك کارەکە تێپەڕ بێت و بەرکار باس نەکرابێت** ئەوە بۆ کاری **(سادە)** جێناوە لکاوەکانی **ک1** لە دەوری کارا لە دەمی ڕابردووی **(نزیك و دووری ڕاگەیاندن) دەچنە کۆتایی کار** و لە دەمی ڕابردووی **(تەواوی ڕاگەیاندن) دەچنە نێوان نیشانەی (وە، ووە)..** هەروەها لە دەمی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن) **دەچنە دوای نیشانەی (دە).**
**بەڵام** بۆ کاری **(داڕێژاو و لێکدراو)** جێناوەکانی **ک1** هەمیشە **دەچنە دوای بەشی یەکەمی کار.**
نموونە بۆ هەمووان:

**بۆ سادە:** خوێندمان خوێندبوومان خوێندوومانە دەمانخوێند
**بۆ داڕژاو:** دامانخست دامانخستبوو دامانخستووە داماندەخست
**بۆ لێکدراو:** ئاوماندا ئاوماندابوو ئاوماندراوە ئاوماندەدا

**(دەتوانیت لەجیاتی (مان) جێناوەکانی دیکەی ک1 بەکاربهێنیت)**

sabah majid

ج–**ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بێت** ئەوا (**تەنها لە دەمی رابردووی تەواو**) جێناوە لکاوەکانی **ک2** لە دەوری کارا **دەچنە نێوان نیشانەی (وە، ووە)** ئەگەرنا لە هەموو دەمەکانی تر **دەچنە کۆتایی کارەکە** (جا کارەکە **سادە** یان **داڕژاو** یان **لێکدراو** بێت). نموونە:

| | |
|---|---|
| **سادە** | هاتم هاتین هاتیت هاتن هات∅ هاتن |
| **داڕژاو** | دانیشتبووم دانیشتبووین دانیشتبوویت دانیشتبوون دانیشتبوو∅ دانیشتبوون |
| **لێکدراو** | سەردەکەوتم سەردەکەوتین سەردەکەوتیت سەردەکەوتن سەردەکەوت∅ سەردەکەوتن |

**دووەم: لە دەمی رانەبردوودا:**

**ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕبێت،** هەروەها ئەگەر (**سادە، داڕژاو** ، **لێکدراو**) بێت ئەوە لە هەموو حاڵەتەکاندا جێناوە لکاوەکانی **ک3** (م–ین، یت–ن، (ات، ێت)– یان) لە دەوری کارا بەکاردێن و هەمیشە **دەچنە کۆتایی کارەکە**. نموونە:

| | سادە | داڕژاو | لێکدراو |
|---|---|---|---|
| **تێپەڕ** | دەخوێنم– دەخوێنین<br>دەخوێنیت– دەخوێنن<br>دەخوێنێت– دەخوێنن | دادەخەم– دادەخەین<br>دادەخەیت– دادەخەن<br>دادەخات– دادەخەن | ئاودەدەم– ئاودەدەین<br>ئاودەدەیت– ئاودەدەن<br>ئاودەدات– ئاودەدەن |
| **تێنەپەڕ** | دێم – دێین<br>دێیت– دێن<br>دێت– دێن<br>**تێبینی:** ( دێ+ێت) دوو (ێ) هەیە و هەردووکیان بزوێنن، بۆیە یەکێکیان لادەچێت. | دادەنیشم– دادەنیشین<br>دادەنیشیت– دادەنیشن<br>دادەنیشێت– دادەنیشن | سەردەکەوم– سەردەکەوین<br>سەردەکەویت–سەردەکەون<br>سەردەکەوێت–سەردەکەون |

Sabah majid

**سێیەم: لەگەڵ کاری داخوازی:**

**ئەگەر کارەکە تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێت** ، ئەوە هەر **تەنیا دوو جێناوی لکاومان هەیە** لە (دەوری کارا) کە **ئەمانەن( ە، ن)** و هەمیشە **دەچنە کۆتایی رەگی کار** (جا کار **سادە** بێ یان **داڕژاو** بێ یان **لێکدراو** بێ).

ە: بۆ کەسی دووەمی تاك

ن: بۆ کەسی دووەمی کۆ

نموونە:

| | بۆ تێپەڕ | | بۆ تێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|---|
| **سادە** | بنووسە | بنووسن | بخەوە | بخەون |
| **داڕژاو** | هەڵواسە | هەڵواسن | دانیشنە | دانیشن |
| **لێکدراو** | ئاوبدە¢ | ئاوبدەن | سەرکەوە | سەرکەون |

**بیرخستەوەیەك بە بە کورتی و بە کوردی**

قوتابیی خۆشەویست، ئەو شتانەی کە لە بابەتی (رێژەی کار) خوێندت هەمان شت لێرەدا لە بابەتی (ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان لە رستەدا/ 1–وەکو بکەر) هەیە، بەڵام تەنها ئەوە زیادکراوە کە لەگەڵ دەمی رابردوو (ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێت و بەرکار باس کرابێت) ئەوە جێناوەکانی **ك1** لە دەوری کارا دەچنە دوای بەرکار. جا کارەکە سادە یان داڕژاو یان لێکدراو بێت. نموونە: وانەکەم خوێند. پەنجەرەکەتان داخست. نەمامەکەیان ئاودا

هەروەها باسی ئەو دوو جێناوەش کراوە کە لەگەڵ (کاری داخوازی) دەوری کارا دەبینن، ئەوانیش بریتین لە (ە،ن). نموونە: بخوێنە بخوێنن

sabah majid

**وانەی نۆیەم:**

## ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان

## 2-وەکو (بەرکار)

| کۆمەڵەی یەکەم | کۆمەڵەی دووەم |
|---|---|
| دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری | دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری |
| (رابردوو، رانەبردوو، داخوازی)ی تێپەڕ | رابردووی تێپەڕ |

**کۆمەڵەی یەکەم: (م-مان، ت-تان، ی-یان):**

**کۆمەڵەی یەکەم (لەگەڵ کاری رابردووی تێپەڕ و رانەبردووی تێپەڕ و کاری داخوازیی تێپەڕ دەبنە بەرکار)**، ئەم کۆمەڵەیە بەمشێوەیە لەگەڵ کاری تێپەڕ بەکاردێت:

**1-لەگەڵ کاری (رابردووی تێپەڕ)دا:**

جێناوە لکاوەکانی **کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ کاری رابردووی تێپەڕدا دەڕۆنە نێوان (کار) و (جێناوی لکاوی کارا)** ئەگەر کارەکە سادە بێت، نموونە:

ناردمی، ناردمانی ناردتی، ناردتانی نارد₵ی، ناردیانی

**بەڵام** ئەگەر کارەکە (داڕژاو یان لێکدراو بێت) ئەوە **جێناوە لکاوەکان دەڕۆنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە**. نموونە:

| داڕژاو | | لێکدراو | |
|---|---|---|---|
| دامی مەزراند | دامانی مەزراند | بانگمی کرد | بانگمانی کرد |
| داتی مەزراند | داتانی مەزراند | بانگتی کرد | بانگتانی کرد |
| دا ₵ی مەزراند | دایانی مەزراند | بانگ ₵ی کرد | بانگیانی کرد |

**تێبینی:** لە کۆمەڵەی یەکەمدا، جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (ی) لە دەوری بەرکار لەگەڵ کاری رابردووی تێپەڕ دەرناکەوێت.. نموونە: نارد₵م دا₵م مەزراند بانگ₵م کرد

sabah majid

## 2–لەگەڵ کاری (رانەردووی تێپەڕ)دا:

جێناوە لکاوەکانی **کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ کاری رابردووی تێپەڕ دەبنە بەرکار و دەڕۆنە دوای نیشانەی (دە)ی رانەبردووی راگەیاندن** ئەگەر کارەکە سادە بێت.. نموونە:

دەم ناسێت، دەمان ناسێت دەت ناسێت، دەتان ناسێت دەی ناسێت، دەیان ناسێت

**بەڵام** ئەگەر کارەکە (دارِژاو یان لێکدراو بێت) ئەوە **جێناوە لکاوەکان دەڕۆنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە**، نموونە:

| لێکدراو | | داڕژاو | |
|---|---|---|---|
| فێرمان دەکات | فێرم دەکات | هەڵمان دەبژێرێت | هەڵم دەبژێرێت |
| فێرتان دەکات | فێرت دەکات | هەڵتان دەبژێرێت | هەڵت دەبژێرێت |
| فێریان دەکات | فێری دەکات | هەڵیان دەبژێرێت | هەڵی دەبژێرێت |

## 3–لەگەڵ کاری (داخوازی تێپەڕ)دا:

لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕدا **تەنها جێناوە لکاوەکانی (م–مان، ی،یان) لە کۆمەڵەی یەکەم** دەبنە بەرکار و ئەوانیش **دەکەونە دوای نیشانەی (ب)ی ریژەی داخوازی** ئەگەر کارەکە سادە بێت، نموونە:

بم بورە، بمان بورە بی بورە، بیان بورە

**بەڵام** ئەگەر کارەکە (دارِژاو یان لێکدراو) بێت ئەوە **جێناوەکان دەڕۆنە دوای بەشی یەکەمی کارەکە**.

| لێکدراو | داڕژاو |
|---|---|
| چارەسەرم بکە، چارەسەرمان بکە | وەرم بگرە، وەرمان بگرە |
| چارەسەری بکە، چارەسەریان بکە | وەری بگرە، وەریان بگرە |

sabah majid

**کۆمەڵەی دووەم: (م–ین، یت–ن، ¢–ن):**

کۆمەڵەی دووەم **تەنها لەگەڵ کاری رابردووی تێپەڕ بەکاردێن و دەبنە بەرکار**، بەمشێوەیە:

1–**ئەگەر کارەکە سادە بێت**، ئەوا **جێناوە لکاوەکان دەڕۆنە دوای (جێناوی لکاوی کارا)، کاتێك جێناوی لکاوی کارا کەسی یەکەم یان دووەمی (تاك و کۆ) بێت**، نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| ناردمیت، ناردمن | ناردم¢ ، ناردمن | جێناوی کارا (م)ی کەسی یەکەمی تاکە |
| ناردمانیت، ناردمانن | ناردمان¢، ناردمانن | جێناوی کارا (**مان**)ی کەسی یەکەمی کۆیە |
| ناردتم ، ناردتین | ناردت¢، ناردتن | جێناوی کارا (**ت**)ی کەسی دووەمی تاکە |
| ناردتانم، ناردتانین | ناردتان¢، ناردتانن | جێناوی کارا (**تان**)ی کەسی دووەمی کۆیە |

**بەڵام ئەگەر جێناوی لکاوی کارا کەسی سێیەمی (تاك یان کۆ) بێت**، ئەوا **جێناوە لکاوەکان دەڕۆنە پێش جێناوی لکاوی کارا**. نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناردمی، ناردینی | ناردیتی، ناردنی | نارد ¢ی، ناردنی | جێناوی لکاوی کارا(**ی**)ی کەسی سێیەمی تاکە |
| ناردمیان، ناردنیان | ناردیتیان، ناردنیان | نارد ¢یان، ناردنیان | جێناوی لکاوی کارا (**یان**)ی کەسی سێیەمی کۆیە |

2–**ئەگەر کارەکە (داڕژاو یان لێکدراو) بێت**، ئەوا جێناوە لکاوەکان **دەڕۆنە کۆتایی کارەکە**. نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| دای مەزراندم، دای مەزراندین | دای مەزراندیت، دایمەزراندن | دای مەزراند¢، دای مەزراندن | **داڕژاو** |
| بانگی کردم، بانگی کردین | بانگی کردیت، بانگی کردن | بانگی کرد¢، بانگی کردن | **لێکدراو** |

sabah majid

**تێبینی: له کرمانجی ژووروودا کۆمەڵە جێناو لکاوی (م–ین، یت–ن، ¢–ن) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ. بەمشێوەیە:**

| | |
|---|---|
| دوژمنی ئەز گرتم | دوژمنی ئەم گرتین |
| دوژمنی تو گرتیت | دوژمنی هوین گرتن |
| دوژمنی ئەو گرت¢ | دوژمنی ئەو گرتن |

sabah majid

**وانەی دەیەم:**

**ئەرکی جێناوە کەسییە لکاوەکان**

**3–وەکو (تەواوکەری بەیاریدە)**

**کۆمەڵەی یەکەم**
دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری
(رابردوو و رانەبردوو و داخوازی)ی تێپەڕ و تێنەپەڕ

**کۆمەڵەی دووەم**
دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری
رابردووی تێپەڕ

**جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم (م–مان، ت–تان، ی–یان) و کۆمەڵەی دووەم (م–ین، یت–ن، ¢–ن) بەیاریدەی ئامرازی پەیوەندی دەبنە تەواوکەری بەیاریدەی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ.**

**گرنگ**: کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ هەموو کارەکانی رابردوو و رانەبردوو و داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ دەبنە تەواوکەری بەیاریدە، **بەڵام** کۆمەڵەی دووەم تەنها لەگەڵ (کاری رابردووی تێپەڕ) دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە.

**پرسیار**: چۆن جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم و دووەم دەبن بە تەواوکەری بەیاریدە؟
**وەڵام**: بەمشێوەیەی خوارەوە:
یەکەم–**ئەگەر کاری راستە (رابردووی تێپەڕ)بێت**، ئەوا **جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم و کۆمەڵەی دووەم لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە بەکاردێن**، بەمشێوەیە:
**أ–کۆمەڵەی یەکەم (م–مان، ت–تان، ی–یان) هەمیشە دەڕۆنە دوای ئامرازی پەیوەندی**، بەرکاری رستە باس کرابێت یان باس نەکرابێت، نموونە:
نامەکەی بۆم هێنا.　بۆمی هێنا.　گوڵەکانی بۆت رواند.　بۆتی رواند.
نەمامەکانی بۆمان ئاودا.　بۆمانی ئاودا.　دارشتنەکەم بۆیان نووسی.　بۆیانم نووسی.
هۆنراوەکەیان بۆم خوێندەوە.　بۆمیان خوێندەوە.

sabah majid

**ب–کۆمەڵەی دووەم (م–ین، یت–ن، ¢–ن) هەمیشە دەڕۆنە کۆتایی کار.** نموونە:

نامەکەی بۆ هێنام.      بۆی هێنام.

گوڵەکانی بۆ ڕواندیت.      بۆی ڕواندیت.

نەمامەکانت بۆ ئاودا¢.      بۆت ئاودا¢.

داڕشتنەکەم بۆ نووسیت.      بۆم نووسیت.

هۆنراوەکەیان بۆ خوێندیتەوە.      بۆیان خوێندیتەوە.

**تێبینی گرنگ**: لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە کۆمەڵەی دووەم لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە دەرناکەوێت، چونکە جێناومان نییە و خۆی سفرە. نموونە: باخچەکەت بۆ ئاودا¢.      یارمەتییەکەتان پێ گەیاند¢.      هەواڵەکەت پێ وت¢.

.

دووەم–**ئەگەر کاری ڕستە (ڕانەبردووی تێپەڕ) بێت،** ئەوا **تەنها جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە بەکاردێن** و دەڕۆنە دوای ناوێك کە ئەرکەکەی (بەرکار)ە..**ئەگەر بەرکاریش لە ڕستەکەدا باس نەکرابێت ئەوە دەڕۆنە دوای (ئامرازی پەیوەندی).** نموونە:

وانەکەتان بۆ باس دەکەم.   بۆتان باس دەکەم.   (وانەکە): بەرکارە.

خانووەکەیان بۆ دەگرێت.   بۆیان دەگرێت.   (خانووەکە): بەرکارە.

کارەکەت پێ دەسپێرن.   پێت دەسپێرن.   (کارەکە): بەرکارە.

هەواڵەکەتان پێ دەگەیەنن.   پێتان دەگەیەنن.   (هەواڵەکە): بەرکارە.

سێیەم–**ئەگەر کار (ڕابردووی تێنەپەڕ) یان (ڕانەبردووی تێنەپەڕ) بێت،** ئەوا **تەنها جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە بەکاردێن** و دەڕۆنە دوای (کارا)ی ڕستەکە. **ئەگەر کاراش لە ڕستەدا لابرێت ئەوا جێناوە لکاوەکان دەڕۆنە دوای ئامرازی پەیوەندی.** نموونە:

دیارییەکەم بۆ هات.   بۆم هات.   (هات: ڕابردووی تێنەپەڕە)

دیارییەکەم بۆ دێت.   بۆم دێت.   (دێت: ڕانەبردووی تێنەپەڕە)

پێنووسەکەت لێ کەوت.   لێت کەوت.   پێنووسەکەت لێ دەکەوێت.   لێت دەکەوێت.

نامەکەی پێگەیشت.   پێی گەیشت.   نامەکەی پێ دەگات.   پێی دەگات.

sabah majid

**ئەگەر کاری رستەش (کارا نادیار) بێت**، ئەوا جێناوە لکاوەکان کۆمەڵەی یەکەم دەڕۆنە دوای **(جێگری کارا)**، **ئەگەر جێگری کاراش لە رستە لابرێ ئەوە جێناوە لکاوەکان دەڕۆنە دوای (ئامرازی پەیوەندی)**. نموونە:

وانەکەم بۆ نووسرا. بۆم نووسرا. (وانەکە: جێگری کارایە).

وانەکەم بۆ دەنووسرێت. بۆم دەنووسرێت.

کارەکەت بۆ تەواوکرا. بۆت تەواوکرا. (کارەکە: جێگری کارایە).

کارەکەت بۆ تەواو دەکرێت. بۆت تەواودەکرێت.

چوارەم–**ئەگەر کاری رستە (داخوازی تێپەڕ یان تێنەپەڕ) بێت**، ئەوا **تەنها جێناوە لکاوەکانی (م–مان، ی–یان) لە کۆمەڵەی یەکەم لە دەوری تەواوکەری بەیاریدە بەکاردێن**، بەمشێوەیە:

أ–**ئەگەر کارە داخوازییەکە (تێپەڕ) بێت**، ئەوا جێناوە لکاوەکان دەڕۆنە دوای (بەرکار)ی رستەکە..**ئەگەر بەرکاریش لە رستەکەدا باس نەکرابێت ئەوا دەڕۆنە دوای (ئامرازی پەیوەندی)**.

نموونە:

نامەکەم بۆ بهێنە. بۆم بهێنە. (نامەکە: بەرکارە).

رووداوەکەی بۆ باس بکە. بۆی باس بکە. (رووداوەکە: بەرکارە).

نامەکەیان پێ بگەیەنن. پێیان بگەیەنن. (نامەکە: بەرکارە)

دیارییەکەی لێ وەربگرە. لێی وەربگرە. (دیارییەکە: بەرکارە)

ب–**ئەگەر کارە داخوازییەکە (تێنەپەڕ) بێت**، ئەوا **جێناوە لکاوەکان هەمیشە دەڕۆنە دوای (ئامرازی پەیوەندی)**. نموونە:

لێرە بۆم بوەستنە. لێرە بۆمان بوەستە. لێرە بۆی بوەستە. لێرە بۆیان بوەستە.

بۆم وەرە ئێرە. بۆمان وەرە ئێرە. بۆی وەرە ئێرە. بۆیان وەرە ئێرە.

لێم بگە. لێمان بگە. لێی بگە. لێیان بگە.

تێم بگە. تێمان بگە. تێی بگە. تێیان بگە.

**تێبینی: (پێ، تێ لێ) ئامرازی پەیوەندین.**

sabah majid

**وانەی یازدەهەم:**

## هاوەڵناو لە ڕووی پێکهاتن (ڕۆنان)ەوە دوو جۆرە

**یەکەم: هاوەڵناوی سادە:**

ئەو هاوەڵناوەیە کە لە یەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە و هیچ پێشگر و پاشگرێکی لەگەڵدا نییە. نموونە: (خۆش، باش، ناسك، هەژار، بەرز، سپی، تیژ، زیرەك...هتد).

دلڤین قوتابییەکی زیرەکە. گەشتەکە خۆش بوو. دلگەش کوڕێکی باشە.

**دووەم: هاوەڵناوی ناسادە:** هاوەڵناوی ناسادەش دەبێتە دوو جۆرە کە ئەمانەن:

أ–هاوەڵناوی داڕژاو (داڕێژراو):

ب–هاوەڵناوی لێکدراو

**أ–هاوەڵناوی داڕژاو:** ئەو ئاوەڵناوەیە کە لە وشەیەکی سادە و پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان (پێشگر و پاشگر) پێکهاتووە. هاوەڵناوی داڕژاویش بەم ڕێگا و یاسایانە دروست دەکرێت:

**1–هاوەڵناوی سادە+ پاشگر**

ڕوون+اك= ڕووناك یەك+ەم=یەکەم ڕەق+ەن=ڕەقەن نەرم+ (ان، ین،ە،ك)= نەمان، نەرمین، نەرمە، نەرمك.

**2–پێشگر+ هاوەڵناوی سادە**

نا، نە+خۆش= ناخۆش، نەخۆش نا+ڕاست= ناڕاست نا+تەواو= ناتەواو نا+ڕێك= ناڕێك

**3–ناوی سادە+ پاشگر**

پیاو+انە= پیاوانە (ژن+انە، انی) ژنانە (ژنانی) زێڕ (زیو)+ین= زێڕین(زیوین) بەفر+ین= بەفرین

گوڵ (بۆن، برین)+دار= گوڵدار (بۆندار، بریندار) گۆشت+ن= گۆشتن چڵکن، چڵمن

مەلە+وان (ڤان)= مەلەوان (مەلەڤان) بەخت+یار (ەوەر)= بەختیار (بەختەوەر)

**4–پێشگر+ناوی سادە**

بە ، بێ+تام بەتام (بێ تام) بە، بێ+شەرم= بەشەرم (بێ شەرم)

بە (ب)+جەرگ= بەجەرگ (ب جەرگ) بە (بێ)+هێز= بەهێز (بێ هێز)

بە (بێ)+ناز= بەنار (بێناز) بێ+دەنگ =بێ دەنگ

**5–ڕەگی کار+پاشگر**

نووس+ەر=نووسەر زان (ڕەگی زانین)+ا=زانا کڕ+یار= کڕیار فرۆش+یار=فرۆشیار

ترس+نۆك (ناك)=ترسنۆك (ترسناك) گەڕێ (ڕەگی گەڕان)+یدە (ۆك)= گەڕیدە (گەڕۆك)

**6–پێشگر+ڕەگی کار**

نە+گۆڕ= نەگۆڕ نە+مر=نەمر نە+بەز=نەبەز

ب+وێر (ڕەگی وێران)=بوێر نە+زان=نەزان ب+کوژ=بکوژ

**7–قەدی چاووگ+پاشگری (وو، و) لە کرمانجی خواروو، (ی) لە کرمانجی ژووروودا:**

قەدی چاووگی تێنەپەڕ:

کەوت+وو= کەوتوو مرد+وو=مردوو نوست+وو=نوستوو

برژا+و=برژاو رزی+و=رزیو شکا+و=شکاو سووتا+و=سووتاو

قەدی چاووگی تێپەڕ:

کرد+وو=کردوو برد+وو=بردوو گرت+وو= گرتوو

**لە کرمانجی ژووروودا:**

کەفت+ی=کەفتی سۆت (ڕەگی سۆتن)+ی=سۆتی شویشت+ی=شویشتی نارد=ی=ناردی

**8–قەدی چاووگ(تێپەڕ)+پاشگر**

خوێند+ەوار (ەڤان)=خوێندەوار (خوێندەڤان) کوشت+ە=کوشتە برد+ە=بردە کرد+ە=کردە

**9–پێشگر+ ڕەگی کار=پاشگر**

نە+خوێن+راو=نەخوێنراو نە+نووس=راو=نەنووسراو نە+خۆ+ەر=نەخۆر نا+بین+ا=نابینا

ب+کە+ەر=بکەر

**ب–هاوەڵناوی لێکدراو:**

ئەو هاوەڵناوەیە کە لە دوو وشەی واتاداری سادە یان زیاتر پێکدێت، بەم ڕێگا و یاسایانە دروست دەبێت:

**1–ناو+ناو**

چاو+باز=چاوباز بەژن+چنار=بەژن چنار دڵ+سۆز=دڵسۆز

**2–ناو+ئامراز+ناو**

دەست+بە+سەر= دەست بەسەر گوڵ+بە+دەم= گوڵبەدەم

کڵاو+بە+سەر =کڵاوبەسەر

sabah majid

**3–دووبارەکردنەوەی ناوێك:**

ڕێ ڕێ          چین چین      پارچە پارچە

**4–دووبارەکردنەوەی هاوەڵناوێکی سادە:**

خۆش خۆش     جوان جوان     سوور سوور

**5–هاوەڵناوی ژمارە+ناو:**

دوو+دڵ=دوودڵ        حەوت+ڕەنگ=حەوتڕەنگ        یەك+دەست=یەكدەست        دوو+ڕوو=دووڕوو

چوار+چاو=چوارچاو   چوار+پێ=چوارپێ

**6–ناو+هاوەڵناو:**

دڵ+خۆش=دڵخۆش     چاو+شین=چاوشین     سەر+سپی=سەرسپی

روو+خۆش=رووخۆش      دڵ+گەش=دڵگەش

**7–هاوەڵناو+ئامراز+هاوەڵناو**

نەرم+و+نیان–نەرمونیان    پاك+و+خاوێن=پاك و خاوێن    بۆر+ە+دەوڵەمەند=بۆرە دەوڵەمەند

**8–هاوەڵناو+ئامراز+ناو:**

شۆڕ+ە+ژن=شۆڕەژن         گێل+ە+پیاو=گێلەپیاو         پیر+ە+مێرد=پیرەمێرد

کورت+ە+باڵا=کورتەباڵا      پیر+ە+ژن=پیرەژنە         شۆڕ+ە+سوار=شۆڕەسوار

**9–هاوەڵناو+و+بێژەیەکی بێ واتا:**

نەرم+و+نۆڵ=نەرم و نۆڵ     گورج+و+گۆڵ=گورج و گۆڵ   رێك+و+پێك=رێك و پێك

**10–هاوەڵناو+ڕەگی کار:**

تیژ+ڕۆ=تیژڕۆ        گەش+بین=گەشبین       خۆش+نووس=خۆشنووس       ڕەش+پۆش=ڕەشپۆش

دوور+بین=دووربین

**11–ناو+هاوەڵناوێکی کراو:**

ماڵ+بڕاو=ماڵبڕاو    دڵ+سووتاو=دڵسووتاو    جەرگ+بڕاو=جەرگبڕاو

**12–ناو+ڕەگی کار:**

خێر+خواز=خێرخواز    پیاو+کوژ=پیاوکوژ     گوڵ+فرۆش=گوڵفرۆش   گۆشت+فرۆش= گۆشتفرۆش

**13–ناو+ڕەگی کار+پاشگر:**

فەرمان+بە+ەر=فەرمانبەر      خەبات+کە+ەر=خەباتکەر    ڕەنج+دە+ەر=ڕەنجدەر

**14–هاوەڵکار+ناو:**

ژێر+دەست=ژێردەست      ژێر+چەپۆك=ژێرچەپۆك       بن+دەست=بندەست

sabah majid

**تێبینی(1):** دەکرێ هەندێك هاوەڵناو وەکو **(ناو یان هاوەڵکار)** بەکاربهێنین: نموونە:
وشەی **(جوان)** لە سێ رستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك جارێك ببێتە **(ناو)** و جارێك ببێتە **(هاوەڵناو)** و جارێکیش ببێتە( **هاوەڵکار)**.

**وەڵام:**

جوان وەك ناو: جوان لەگەڵ خوشکی دۆڵمە دەخوات. **(جوان: ناوە)**.

جوان وەك هاوەڵناو: تابلۆیەکە جوانە. **(جوان: هاوەڵناوە)**.

جوان وەك هاوەڵکار: وانەکە جوان بنووسە. **(جوان: هاوەڵکارە)**.

**تێبینی(2):** هاوەڵناوی چۆنیەتی ئەم ئەرکانەی هەیە:

1–دیارخەری ناو: قوتابیی زیرەك خۆشەویستە. (زیرەك: هاوەڵناوی چۆنیەتییە، دیارخەری ناوی (قوتابی)یە.

2–دیارخەری جێناو: تۆی زیرەك سەردەکەویت. (زیرەك: هاوەڵناوی چۆنیەتییە، دیارخەری جێناوی (تۆ)یە.

3–تەواوکەری کاری ناتەواو: ئازاد زیرەکە. (زیرەك: هاوەڵناوی چۆنییەتیە، تەواوکەری کاری ناتەواوە).

sabah majid

**وانەی دوازدەهەم:**

## جۆرەکانی هاوەڵکار

### هاوەڵکار لەڕووی پێکهاتنەوە (ڕۆنان)ەوە دوور جۆرە:

**یەکەم: هاوەڵکاری سادە:**

ئەو هاوەڵکارەیە کە لە بنەڕەتدا لە یەك وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکهاتووە و وەسفی کار دەکات لە رستەدا. نموونە: زۆر، کەم، خێرا، هێواش، باش، خراپ، نزیك، دوور، درەنگ، سەر، ژێر، پار، فرە، گورج...هتد.

**دووەم: هاوەڵکاری ناسادە،** ئەمەش دەبێتە دوو جۆر کە ئەمانەن:

**أ–هاوەڵکاری داڕژاو (داڕێژراو):** ئەو هاوەڵکارەیە کە لە وشەیەکی واتاداری سەربەخۆ لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان پێکهاتووە. ئەمەش بەم رێگا و یاسایانە دروست دەکرێت:

**1–پێشگری (بە)+ناو:**

بە+رۆژ= بەڕۆژ (بەشەو بەهەفتە بەمانگ بەگیان بەدڵ بەساڵ....هتد)

**2–ناو+پاشگری (انە):**

ژن+انە= ژنانە (پیاوانە شێرانە کوڕانە ساڵانە کچانە...هتد)

**3–پێشگر +ناو+پاشگر:**

بە+شەو+ان= بەشەوان بە+پیاو+ەتی=بەپیاوەتی بەبرایەتی بێ باکانە بەسواری بەهاوینێ به کوردایەتی بێ شەرمانە

**4–هاوەڵناو+پاشگری (انە):**

ژیر+انە= ژیرانە مەردانە چالاکانە دلێرانە هێمنانە ئازایانە

**5–پێشگر+هاوەڵناو+پاشگر:**

بە+خۆش+ی=بەخۆشی بە+چاك+ی=بەچاکی بەجوانی بەساردی بەگەرمی بەهێمنی بەباشی

**6–پێشگر+هاوەڵکار:**

لە+دوور=لەدوور لە+ژێر=لەژێر لە+ناو=لەناو لە+تەنیشت=لەتەنیشت لە+پێش=لەپێش بە+زۆر=بەزۆر لە+ نزیك=لەنزیك لە+بن=لەبن

sabah majid

**ب–هاوەڵکاری لێکدراو:** ئەو هاوەڵکارەیە کە لە دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ یان زیاتر پێکدێت. هاوەڵکاری لێکدراویش بەم ڕێگا و یاسایانە دروست دەکرێت:

**1–دووبارە کردنەوەی ناو یان هاوەڵناو یان هاوەڵناوی ژمارە:** (چین چین، دەستە دەستە، کۆمەڵ کۆمەڵ، پۆل پۆل)، (هێدی هێدی، جوان جوان، ڕێك ڕێك)، (یەك یەك، دوو دوو، سێ سێ).

**2–ناو+بە+ناو:** ڕۆژ+بە+ڕۆژ= ڕۆژ بە ڕۆژ، مانگ بە مانگ، ساڵ بە ساڵ، دێ بە دێ، ڕوو بەڕوو، پێ بە پێ، شار بە شار

**3–ناو+او+ناو:**

دۆڵ+او+دۆڵ= دۆڵاودۆڵ سەراوسەر پشتاوپشت دەماودەم

**4–هاوەڵناو+و+هاوەڵناو:**

کز+و+مات= کزومات چوست و چالاك کزومەلوول قیت و قۆز تێر و پڕ پاك و خاوێن

**5–هاوەڵناو+بە+ناو:**

پڕ+بە+دەم=پڕبەدەم پڕ بەزار پڕ بەدڵ پڕبەدەست پڕبەدەنگ

**6–پێشگر+هاوەڵناوی لێکدراو+پاشگر:**

بە+دڵپاك+ی=بەدڵپاکی

بە+ڕووخۆش+ی=بەڕووخۆشی

بە+دڵخۆش+ی=بەدڵخۆشی

بە+دڵشاد+ی=بەدڵشادی

بە+دڵشکاو+ی=بەدڵشکاوی

بە+ سەربەرز+ی=بەسەربەرزی

**7–هاوەڵناوی نیشانە (ئەم– ئەو)+ ناو:**

ئەم+ڕۆ= ئەمڕۆ ئەمشەو ئەو شەو ئەوساڵ ئەوسا ئەوکات

**(تێبینی: بزوێنی (ە)ی هاوەڵناوی نیشانە لەم نموونانە گۆ ناکرێت و نانووسرێت).**

**8–هاوەڵکار+هاوەڵناوی ژمارە+ناو:**

پاش+نیوە+ڕۆ=پاش نیوەڕۆ پاش نیوەشەو پێش نیوەڕۆ پێش نیوەشەو دوای نیوەڕۆ پێش دوو ڕۆژ دوای سێ ڕۆژ

sabah majid

**وانەی سێزدەهەم:**

## رادە

رادە دوو جۆرە:

یەکەم/ رادەی هاوەڵناو: بریتین لەم وشانە (**زۆر، هەندێك، گەلێك، تۆزێك، بڕێك، پیچەك، نەختێك، قیچەك، فرە..**) کاتێك **دەبنە دیارخەری هاوەڵناوی چۆنیەتی و رادەکەی دەردەخەن.** ئەم وشانەش بەبێ ئامرازی دانەپاڵی (**ی**) دەبنە دیارخەری هاوەڵناوە چۆنیەتییە و **هەمیشە لە پێش هاوەڵناوەکەوە دێن و پێکەوە دەبنە (گرێی هاوەڵناوی).** ئەو دەمەش بەم وشانە دەگوترێت (**هاوەڵناوی نادیار**).

نموونە:

دیارییەکی زۆر جوانم دا بە هاوڕێکەم.

لەم رستەیەدا :

**زۆر:** هاوەڵناوەی نادیارە، دیارخەری هاوەڵناوی (جوان)ە، رادەی هاوەڵناوە.

**جوان:** هاوەڵناوی چۆنییەتیە، سادەیە، دیارخراوە.

**زۆر جوان:** گرێی هاوەڵناوییە، دیارخەری ناوی (دیاری–دیارییەك)ە.

**دووەم/ رادەی هاوەڵکار:** بریتین لەم وشانە (**زۆر، هەندێك، گەلێك، تۆزێك، بڕێك، پیچەك، نەختێك، قیچەك، فرە..**) کاتێك **دەبنە دیارخەری هاوەڵکاری (کاتی، شوێنی، چۆنیەتی) و رادەکەی دیاردەخەن،** ئەم وشانەش بەبێ ئامرازی دانەپاڵی (**ی**) دەبنە دیارخەری هاوەڵکارەکە و **هەمیشەش لەپێش هاوەڵکارەکەوە دێن و پێکەوە دەبنە (گرێی هاوەڵکاری)** و ئەم دەمەش بەم وشانە دەگوترێت (**هاوەڵکاری چەندێتی**). نموونە:

رامیار زۆر درەنگ رۆیشت.

لەم رستەیەدا:

**زۆر:** هاوەڵکاری چەندێتییە، دیارخەری هاوەڵکاری کاتی (درەنگ)ە، رادەی هاوەڵکارە.

**درەنگ:** هاوەڵکاری کاتییە، سادەیە، دیارخراوە.

**زۆر درەنگ:** گرێی هاوەڵکارییە، تەواوکەری کاری (رۆیشت)ە.

sabah majid

**پرسیاری گرنگ**: لەم دوو رستەیەی خوارەوەدا (زۆر) لە کامەیان (رادەی هاوەڵناوە) و لە کامەشیان (رادەی هاوەڵکارە)؟

1–پیاوەکە زۆر بەپەلە هات.

2–پیاوەکە زۆر بەپەلە بوو.

وەڵام: لە رستەی یەکەمدا (پیاوەکە زۆر بەپەلە هات). زۆر (رادەی هاوەڵکارە).

**بەڵام** لە رستەی دووەمدا (پیاوەکە زۆر بەپەلە بوو). زۆر (رادەی هاوەڵناوە).

sabah majid

**وانەی چواردەهەم:**

## دیارخەرەکانی ناو

### 1–ئەرکی ناو لە رستەدا وەکو دیارخەری ناو

لە رستەدا دەکرێ ناوێك یان زیاتر ببێتە دیارخەری ناوێکی دیکە ئەمەش بەیاریدەی ئامرازی دانەپاڵی (ی). نموونە:

گوڵی باخچەکە جوانە.

درەختی شاخەکانی کوردستان جوانن.

ئەو ناوەی دەکەوێتە پێش ئامرازی دانەپاڵی (ی) پێی دەگوترێت (دیارخراو) و ئەو ناوەش کە دەکەوێتە دوای (ی) پێیدەگوترێت (دیارخەر).

هەمیشە ناوی دیارخراو پێش ناوی دیارخەر دێت و بەیەکەوەش دەبنە (گرێی ناوی) و هەموو ئەرکەکانی ناو وەردەگرن لە رستەدا. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

| **ئەرك** | **رستە** |
|---|---|
| نیهاد | (گوڵی باخەکە) جوانە. |
| کارا (بکەر) | (گوڵی باخەکە) وەری. |
| جێگری کارا | (گوڵی باخەکە) قرتێنرا. |
| بەرکار | (گوڵی باخەکە)یان لێکردەوە. |
| تەواوکەری بەیاریدە | پەپوولەکە بە (گوڵی باخەکە)وە نیشتەوە. |
| تەواوکەری ناو | بۆنی (گوڵی باخەکە) خۆشە. |
| تەواوکەری کاری ناتەواو | گوڵەجوانەکە (گوڵی باخەکە) بوو. |

دەتوانین ناوە دیارخراوەکە و ناوە دیارخەرەکە بەپێی شوێن و مەبەست بەشێوەی (تاکی ناسراو، کۆی ناسراو، تاکی نەناسراو، کۆی نەناسراو) لەرستەدا بەکاربهێنین، بەمەرجێك لەگەڵ راستی و ژیری بگونجێت. نموونە:

سەری منداڵەکە شکا. (راستە، چونکە لەگەڵ راستی و ژیری دەگونجێت).

سەرەکانی منداڵەکە شکا. (هەڵەیە، چونکە لەگەڵ راستی و ژیری ناگونجێت).

دڵی نەخۆشەکە لاوازە. (راستە، چونکە لەگەڵ راستی و ژیری دەگونجێت)

دڵەکانی نەخۆشەکە لاوازە. (هەڵەیە، چونکە لەگەڵ راستی و ژیری ناگونجێت).



sabah majid

تێبینی: ئامرازی دانەپاڵ لە کرمانجی ژووروودا جیاوازە و بەپێی ژمارە و رەگەزی ناوی دیارخراو دەگۆڕێت: بەمشێوەیە:

بۆ تاکی نێر: ئامرازی دانەپاڵی (ێ) بەکاردێت، نموونە: کوڕێ ئازادی هات.

بۆ تاکی مێ: ئامرازی دانەپاڵی (ا) بەکاردێت، نموونە: کچا ئازادی هات..

بۆ کۆی نێر و مێ: ئامرازی دانەپاڵی (ێد، ێت، ێن) بەکاردێن، نموونە:

گوندێن کوردستانێ دهێنە ئاڤاکرن.

دارێد چیایان بلندن.

ماسێت دەریایان مەزنن.

**نموونە بۆ ئەمانە بهێنەرەوە:**

1–ناوێکی تاکی ناسراو ببێتە دیارخەری ناوێکی کۆی نەناسراو. **وەڵام**: کوڕانی گەڕەکەکە هاتن.

2–ناوێکی کۆی ناسراو ببێتە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو. **وەڵام**: کوڕەکانی گەڕەکەکان هاتن.

3– ناوێکی تاکی ناسراو ببێتە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو. **وەڵام**: کوڕەکانی گەڕەکەکە هاتن.

4–ناوێکی تایبەتی ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراو. **وەڵام**: مۆبایلەکەی شێرکۆ جوانە.

5–ناوێکی تایبەتی ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو. **وەڵام**: شاری دهۆك دڵگیرە.

6–ناوێکی تاکی نەناسراو ببێتە دیارخەری ناوێکی تایبەتی. **وەڵام**: هەولێری پایتەخت دێرینە.

7–ناوێکی تایبەتی ببێتە دیارخەری ناوێکی دیکەی تایبەتی. **وەڵام**: کوردستانی تورکیا خۆشە.

8–ناوێکی دەستنیشانکراو بە هاوەڵناوی نیشانە بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی) ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو. **وەڵام**: کوڕی ئەم پیاوە زۆر مەردە.

9–ناوێکی تاکی دەستنیشانکراو بە هاوەڵناوی نیشانە کە بە ناوێکی تایبەتی دیارخرابێت.

**وەڵام**: ئەم هۆنراوەی نالی لەبەربکە.

10– ناوێکی دەستنیشانکراو بە هاوەڵناوی نیشانە بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ی) ببێتە دیارخەری ناوێکی کۆی دەستنیشانکراو

**وەڵام**: ئەم تابلۆیانەی ئەم هۆنەرمەندە گەلێك جوانن.

11–ناوێکی گشتی دیارخراو بە هاوەڵناوی پرس ببێتە دیارخەری ناوێکی گشتی.

**وەڵام**: گوڵی کام باخچە جوانە؟

12–ناوێکی گشتی دیارخراو بە هاوەڵناوی نیشانە ببێتە دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو.

**وەڵام**: هۆنراوەکانی کام شاعیر دەخوێنیتەوە؟

**هەوڵبدە**: خۆت چەندین نموونەی دیکە زیاد بکەیت و خۆت زیاتر لێڕابهێنیت.

sabah majid

**وانەی پازدەهەم:**

## 2–ئەركی هاوەڵناو لە رستەدا وەكو دیارخەری ناو

هاوەڵناوی چۆنیەتی كە دەبێتە دیارخەری ناو دەكەوێتە دوای ناوە دیارخراوەكە، به دوو شێوه:

1–**ئەگەر ناوە دیارخراوەكە تاكی نەناسراو یان ناوێكی گشتی بێت ئەوا ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەكەوێتە نێوانیان**، نموونە:

(پێنووسی جوان) بكڕە.

(مرۆڤی باش) خۆشەویستە.

2–**بەڵام ئەگەر ناوە دیارخراوەكە ناوێكی تاكی ناسراو یان ناوێكی كۆی ناسراو بێت ئەوا ئامرازی دانەپاڵی (ە) دەكەوێتە نێوانیان**. نموونە:

(پێنووسە جوانەكە) بكڕە.

(مرۆڤە باشەكە) خۆشەویستە.

**تێبینی لەسەر خاڵی (2):**

لەم بارەدا ناوەكە و هاوەڵناوەكە دەخرێتە سەر شێوەی (**ناوێكی لێكدراو**) پاشان نیشانەی ناسراوی (**ەكە) دەخرێتە دوای هاوەڵناوەكە (ئەمە ئەگەر ناوەكە تاكی ناسراو بێت)**. بەڵام ئەگەر ناوەكە كۆی ناسراو بێت ئەوە ئەوا نیشانەی ناسراوی و كۆ (**ەكە+ان**) دەخرێنە دوای هاوەڵناوەكە و ئامرازی دانەپاڵی (**ی**)ش دەگۆڕدرێت بۆ (**ە**).

(پێنووسە جوانەكە) بكڕە. (تاكی ناسراو)

(مرۆڤە باشەكان) خۆشەویستن. (كۆی ناسراو)

**گرنگە**: **ئەگەر ناوە دیارخراوەكە تاكی ناسراو یان كۆی ناسراو بێت و كۆتایی بە بزوێنەكانی (ە، ا، ۆ، ێ) هاتبێت ئەوە بەمشێوەیە بە هاوەڵناو دیاردەخرێت:**

**أ–ئەگەر ناوەكە لە برگەیەك پێكهاتبێت** ئەوا ئامرازی دانەپاڵی (ە) بەیاریدەی ناوەندی (**ی**) دەردەكەوێت، نموونە:

(شەیـــە بچووكەكە) بەكارمەهێنە.

(بایـــە بەهێزەكە) درەختەكەی شكاند.

(دۆیـــە ترشەكە) رژاوە.

(دێ یـــە خۆشەكان) خۆش نەماون.

saban majid

ب–**ئەگەر ناوەکە لە برگەیەك زیاتر بێت** ئەوا لەم بارەدا ئامرازی دانەپاڵی (ە) لادەبەین تا لەگەڵ بزوێنی کۆتایی ناوەکاندا یەکنەگرن، **چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن لە دوای یەکتر نایەن.**

نموونە:

(ئەستێرە¢ گەشەکان) جوانن.

(خوێندنگا¢ سەرکەوتووەکان) خەڵاتکران.

(چەقۆ¢ تیژەکە) بزر بووە.

(هەرمێ¢ زەردەکە) دەخۆم.

ج–**ئەگەر ناوە دیارخراوەکە کۆتایی بە بزوێنی (ی) یان (وو) هاتبێت** ئەوا ناوبەندی (ی) دەخەینە نێوان (**ی**)ی کۆتایی ناوەکە و ئامرازی دانەپاڵی (ە). هەروەها ناوبەندی (**و**) دەخەینە نێوان (**وو**)ی کۆتایی ناوەکە و ئامرازی دانەپاڵی (ە). نموونە:

(کانی یـە روونەکە) شێلو بووە.

(بی یـە وشکەکە) هەڵکێشە.

(ماسی یـە گەورەکە) سوورکراوەتەوە.

(کەیبانووە بێگانەکان) کوردستانیان داگیرکردووە. (کەیبانوووە...بۆتە کەیبانووە)

مووروووە رەنگینەکان جوانن. (مووروووە... بۆتە مووروووە)

(خانووە گەورەکە) بە چوار دەفتەر فرۆشرا. (خانوووە.... بۆتە خانووە)

**تێبینی: بزوێنی (وو) لە کۆتایی ناوە دیارخراوەکە دەکرێت بە (و).**

**گرنگە: ئەم جۆرە هاوەڵناوانە دەبنە دیارخەری ناو:**

**1–هاوەڵناوی چۆنی (چۆنیەتی):**

مرۆڤی باش خۆشەویستە. (هاوەڵناوی پلەی **چەسپاو**)

رانکوچۆغەیەکی جوانتر لەبەربکە. (هاوەڵناوی پلەی **بەراوورد**)

خۆشترین خانوو، خانووی ئێوەیە. (هاوەڵناوی پلەی **باڵا**)

**2–هاوەڵناوی پرس:**

کام خانوو جوانە؟ گوڵی چۆنت دەوێت؟ چۆن گوڵێکت دەوێ؟

چەند گۆڤارت کڕی؟ چ وڵاتێك خۆشە؟

(کام، چۆن، چەند، چ... هەموویان هاوەڵناوی پرسن **ئەگەر لەگەڵ ناوێك هاتن**).

saban majid

**3–هاوەڵناوی نادیار:**

مرۆڤی وام نەبینیوە

هەندێك قوتابی خەڵات کران.

هەموو قوتابییەکان تێدەکۆشن.

کەمێك شیرت خواردەوە.

(هەموو، هەندێ، وا، کەم، زۆر، هیچ، گەلێك، تۆێك، کەمێك، دیکە- تر....هەموویان هاوەڵناوی نادیارن **ئەگەر لەگەڵ ناوێك هاتن**).

**4–هاوەڵناوی نیشانە:**

ئەم کورە زۆر دەخوێنێت.

ئەم کورانە زۆر دەخوێنن.

ئەم کچە زیرەکە.

ئەم کچانە زیرەکن.

(ئەم.....ە): هاوەڵناوی نیشانەیە بۆ تاکی نزیك.

(ئەو.....ە): هاوەڵناوی نیشانە بۆ تاکی دوور.

(ئەم...انە): هاوەڵناوی نیشانەیە بۆ کۆی نزیك.

(ئەو...انە): هاوەڵناوی نیشانەیە بۆ کۆی دوور.

**5–هاوەڵناوی ژمارەیی:**

یەك کتێبم خوێندەوە.

چواریەکی مەڕەکانم فرۆشت.

خانووی دووەم خۆشە.

دووەمین خانوو خۆشە.

(یەك، دوو، سێ، چوار، نۆزدە، بیست و یەك، سەد.......هەموویان هاوەڵناوی ژمارەیی بنچین).

(دووەم، سێیەم، بیستەم، بیست و یەکەم. چوارەمین.سەدەمین....هەموویان هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستنن).

(سێیەك، چواریەك، پێنج یەك، نۆیەك.....هەموویان هاوەڵناوی ژمارەیی کەرتین).

sabah majid

| **كام جۆر هاوەڵناو دەبنە دیارخەری ناو و پێویستیان بە ئامرازی دانەپاڵی (ی) هەیە؟** | **كام جۆر هاوەڵناو دەبنە دیارخەری ناو و پێویستیان بە ئامرازی دانەپاڵی (ی) نییە؟** |
|---|---|
| **وەڵام** | **وەڵام** |
| 1-هاوەڵناوی پلەی چەسپاو و بەراوورد:<br>تابلۆیەكی **جوان** بكڕە. تابلۆیەكی **جوانتر** بكڕە.<br>2-هاوەڵناوی پرس:<br>گوڵی **چۆنت** دەوێ<br>3-هاوەڵناوی نادیار:<br>مرۆڤی **وام** نەبینیوە<br>4-هاوەڵناوی ژمارەیی كەرتی:<br>**نیوە** ی مریشكەكەم خوارد.<br>5-هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێكخستن:<br>خانووی **دووەم** جوانە. | 1-هاوەڵناوی پلەی باڵا:<br>**جوانترین** ئۆتۆمبێلی كڕیوە.<br>2-هاوەڵناوی پرس:<br>**چۆن** گوڵێت دەوێ؟<br>3-هاوەڵناوی نادیار:<br>**هەموو** منداڵەكان ڕۆیشتن.<br>4-هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێكخستن:<br>**دووەمین** خانوو جوانە.<br>5-هاوەڵناوی نیشانە:<br>**ئەم** شارە خۆشە. |

sabah majid

**تێبینی:**

هاوەڵناوی ژمارەیی كەرتی تەنها هاوەڵناوێكە كە دەبێتە دیارخەری ناو و دەكەوێتە پێش ناوە دیارخراوەكە، بەڵام پێویستیشی بە ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەبێت.. نموونە:

نیوە ی مریشكەكەم خوارد. نیوە ی پرتەقاڵەكانم خوارد.

لە سەدا بیستـــی پڕۆژەكە تەواوبووە.

چواریەكـــی مەڕەكانم فرۆشت.

**تێبینی:**

دەگونجێت (جێناوی سەربەخۆ) لەجێی (ناو) ببێتە دیارخراو. نموونە:

(ئێوەی زیرەك) خۆشەویستن.

**گرنگە بیزانە:**

وەك گوتمان ناوە دیارخراوەکە و هاوەڵناوەکە دەخرێتە سەر شێوەی (ناوێکی لێکدراو)، جا بۆیە ناوەکە و هاوەڵناوەکە کە لەشێوەی (ناوێکی لێکدراون) هەموو ئەرکەکانی ناو وەردەگرن، نموونە:

| ئەرك | رستە |
|---|---|
| نیهاد | (کچە زیرەکەکە) رەوشتبەرزە. |
| کارا (بکەر) | (کچە زیرەکەکە) هات. |
| جێگری کارا | (کچە زیرەکەکە) رفێنرا. |
| بەرکار | (کچە زیرەکەکە)یان خەلات کرد. |
| تەواوکەری بەیاریدە | نامەکەم لە (کچە زیرەکەکە) وەرگرت. |
| تەواوکەری ناو | نمرەکانی (کچە زیرەکەکە) بەرزن. |
| تەواوکەری کاری ناتەواو | ئەمە (کچە زیرەکەکە)یە. |

sabah majid

**وانەی شازدەهەم:**

## 3– ئەرکی جێناوی کەسی سەربەخۆ لە رستەدا وەکو دیارخەری ناو

ئەو جێناوە سەربەخۆیانەی کە دەبن بە دیارخەری ناو ئەمانەن: (**جێناوی کەسی سەبەرخۆ، جێناوی خۆیی، جێناوی پرس، جێناوی نادیار، جێناوی نیشانە**). ئەم جێناوانە **دەڕۆنە دوای ناوی دیارخراو و ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەکەوێتە نێوانیانەوە**. وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

**1–جێناوی کەسی سەبەخۆ:** (من– ئێمە– تۆ– ئێوە– ئەو– ئەوان)

پێنووسەکەی من جوانە. پێنووسەکەی ئێمە جوانە.

پێنووسەکەی تۆ جوانە. پێنووسەکەی ئێوە جوانە.

پێنووسەکەی ئەو جوانە. پێنووسەکەی ئەوان جوانە.

**2–جێناوی خۆیی:** (خۆم– خۆمان– خۆت–خۆتان–خۆی–خۆیان)

پێنووسەکەی خۆم جوانە. پێنووسەکەی خۆمان جوانە.

پێنووسەکەی خۆت جوانە. پێنووسەکەی خۆتان جوانە.

پێنووسەکەی خۆی جوانە. پێنووسەکەی خۆیان جوانە.

**3–جێناوی پرس:** (کێ، چی)

پێنووسی کێ جوانە؟ کتێبی چی بەسوودە؟

**4–جێناوی نادیار:** (فلاَن، هین، کابرا، فیسار، کەس...)

پێنووسەکەی فلاَن جوان نییە.

پێنووسەکەی کابرا جوان نییە.

پێنووسی هین جوان نییە.

پێنووسەکەی فیسار جوان نییە.

پێنووسی کەس جوان نییە.

**5–جێناوی نیشانە:** (ئەمە، ئەوە، ئەوانە، ئەوانە..)

ئەمە: بۆ تاکی نزیك ئەمانە: بۆ کۆی نزیك

ئەوە: بۆ تاکی دوور ئەوانە: بۆ کۆی دوور

پێنووسی ئەمە جوانە. پێنووسی ئەمانە جوانن.

پێنووسی ئەوە جوانە. پێنووسی ئەوانە جوانن.

saban majid

**تێبینی: (جێناوی هەیی) نابێتە دیارخەری ناو.**

**تێبینی**: لە کرمانجی ژووروو جێناوی کەسی سەربەخۆی (من– مە، تە–وە، وی،ویّ– وان) لەجیاتی (من– ئێمە، تۆ– ئێوە، ئەو– ئەوان) دەبنە دیارخەری ناو. نموونە:

وەلاتێ من خوەشە.     وەلاتێ مە خوەشە.

وەلاتێ تە خوەشە.     وەلاتێ وە خوەشە.

وەلاتێ وی خوەشە.     وەلاتێ وان خوەشە.

وەلاتێ ویّ خوەشە.

**تێبینی**: (ناوی دیارخراو+ جێناوی سەربەخۆی دیارخەر= گرێی ناوی)، گرێی ناویش ئەرکەکانی ناو وەردەگرێت. نموونە: گوڵ+ی+من= گوڵی من.

**سەیری بکە** لە رستەدا بەکاریان دەهێنن کە **هەموو** ئەرکەکانی ناو وەربگرن.

| **ئەرک** | **رستە** |
|---|---|
| نیهاد | (گوڵی من) جوانە. |
| کارا (بکەر) | (گوڵی من) وەری. |
| جێگری کارا | (گوڵی من) قرتێنرا. |
| بەرکار | (گوڵی من)یان لێکردەوە. |
| تەواوکەری بەیاریدە | پەپوولەکە بە (گوڵی من)وە نیشتەوە. |
| تەواوکەری ناو | بۆنی (گوڵی من) خۆشە. |
| تەواوکەری کاری ناتەواو | گوڵەجوانەکە (گوڵی من) بوو. |

sabah majid

**وانەی حەڤدەهەم:**

## 4–ئەرکی جێناوی کەسی لکاو لە رستەدا وەکو دیارخەری ناو

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم و کۆمەڵەی دووەم بەبێ ئامرازی دانەپاڵ دەبنە دیارخەری ناو، ئەمەش بە دوو شێوازی جیاواز:

**یەکەم: کۆمەڵەی یەکەم (م–مان، ت–تان، ی–یان)**

دەبنە دیارخەری ناو **کاتێك کاری رستەکە (رابردووی تێپەڕ یان تێنەپەڕ، رانەبردووی تێپەڕ یان تێنەپەڕ ، کاری داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ) بێت**، ناوی دیارخراویش دەکرێ ئەرکەکەی (نیهاد، کارا، جێگری کارا، بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، تەواوکەری، تەواوکەری کاری ناتەواو) بێت.

نموونە:

**1–نیهاد:** کچەکەم پزیشك بوو. (بوو: دەمی رابردووە)

کچەکەم پزیشکە. (ە: رانەبردووە بۆ کاتی ئێستا)

کچەکەم دەبێت بە پزیشك. (دەبێت: رانەبردووە بۆ کاتی داهاتوو)

**(تێبینی: (کچەکەم واتە: کچەکەی من)**

**2–کارا:** کچەکەم وانەکەی خوێند. (خوێند: رابردووی تێپەڕە)

کچەکەت وانەکە دەخوێنێت. (دەخوێنێت: رانەبردووی تێپەڕە)

کچەکەی هات. (هات: رابردووی تێنەپەڕە)

کچەکەمان دێت. (دێت: رانەبردووی تێنەپەڕە)

**3–جێگری کارا:** کچەکەم خەڵاتکرا. (خەڵات کرا: رابردووە، کارا نادیارە)

کچەکەت خەڵاتدەکرێ. (خەڵات دەکرێ: رانەبردووە، کارا نادیارە)

**4–بەرکار:** کچەکەم خەڵاتبکە. (کاری داخوازییە)

کچەکەمی خەڵاتکرد. کچەکەم خەڵات دەکات.

کچەکەت خەڵات دەکەم. کچەکەتی خەڵات کرد.

**5–تەواوکەری بەیاریدە:** خەڵاتەکە بۆ کچەکەم ببە. (ببە، کاری داخوازییە)

خەڵاتەکە بۆ کچەکەم ببەن.

**6–تەواوکەری ناو:** وتاری کچەکەم بەهێزە.

**7–تەواوکەری کاری ناتەواو:** ئەمە کچەکەم بوو.

sabah majid

**تێبینی**: **ئەگەر ناوێك بەجێناوی لكاو دیارخرابێت ئەوا ناوەكە هیچ دیارخەرێكی تر لەدوای جێناوە لكاوەكە وەرناگرێت، چونكە دەبێتە هۆی تێكچوونی داڕشتنی رستەكە و شێواندنی واتاكەی. نموونە:**

| ئەم رستانە چەوتن، چونكە واتا و داڕشتنی رستەكان تێكچوون: | بەلام دەكرێ ناوەكە دیارخەری تر وەربگرێت كاتێك دیارخەرەكان بكەونە پێش جێناوە لكاوەكە رستەكانیش راست و دروستن: |
|---|---|
| كچەكەت زیرەكەكە بەیەكەم دەرچوو.<br>گۆڕەپانەكەمان قوتابخانە گەورەیە.<br>باخچەكەیان خنجیلانە خۆشە.<br>هاوڕێكەمان راستگۆ دڵسۆزە. | كچە زیرەكەكەت بەیەكەم دەرچوو.<br>گۆڕەپانی قوتابخانەكەمان گەورەیە.<br>باخچە خنجیلانەكەیان خۆشە.<br>هاوڕێ راستگۆكەمان دڵسۆزە. |

**تێبینیەك لەسەر كۆمەڵەی یەكەم:**

كۆمەڵەی یەكەم كە لەگەڵ كاری رابردووی تیپەڕ بەكاردێت، جێناوی كەسی سێیەمی تاكی (ی) لە دەوری دیارخەری ناو دەرناكەوێت ئەمەش ئەگەر ئەو جێناوەی ئەركی بكەر (كارا) وەردەگرێت ئەویش (ی)ی كەسی سێیەمی تاك بێت، بەلام ئەگەر بكەر (ی) نەبوو ئەوا (ی)ی جێناوی لكاو لە دەوری دیارخەری ناو دەردەكەوێت. نموونە:

**دەرنەكەتووە:**

پێنووسەكەمی برد    پێنووسەكەمانی برد

پێنووسەكەتی برد    پێنووسەكەتانی برد

**پێنووسەكەی ی برد**    پێنووسەكەیانی برد

**دەركەوتووە:**

سەیری رستەی (پێنووسەكەی ی برد) بكە، ئەگەر (ی)ی دووەم كە بكەرە بكەین بە ((م) ئەوا (ی)ی یەكەم كە ئەركی (دیارخەری ناوە) دەردەكەوێت: **پێنووسەكەیم برد**

**دووەم: کۆمەڵەی دووەم (م–ین، یت–ن، ¢–ن)**

**دەبنە دیارخەری ناوێك کە ئەرکەکەی (بەرکار)ە**، ئەمەش تەنها لە یەك حاڵەتدا..ئەویش کاتێك کاری رستەکە **(رابردووی تێپەڕ) بێت**، و جێناوەکانیش هەمیشە **دەڕۆنە کۆتایی کار**.

نامەکەی گەیاندم        نامەکەی گەیاندین
نامەکەی گەیاندیت      نامەکەی گەیاندن
نامەکەم گەیاند¢        نامەکەم گەیاندن

**پرسیار: کەی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەوری دیارخەری ناو دەرناکەوێت؟ بە نموونەوە روونی بکەرەوە؟**

**وەڵام**: کاتێك کە کاری رستەکە رابردووی تێپەڕ بێت و جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم لە دەوری دیارخەری ناو وەربگرێت، لەم حاڵەتەشدا هەمیشە ئەم جێناوە لکاوانە دەڕۆنە کۆتایی کارەکە. نموونە:

نامەکەی گەیاندم        نامەکەی گەیاندین
نامەکەی گەیاندیت      نامەکەی گەیاندن
نامەکەم گەیاند¢        نامەکەم گەیاندن

sabah majid